# ڕەنگدانەوەی ئەفسانەی (شاماران) لە تابلۆکانی (ئاغالە)دا

د. نەزیرە صابر مصطفى
پشکا زمانێ کوردی - زانکۆی کۆیە - هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

شـێوازی وێنـاکردنی ئەفسـانە لە هـونەری هاوچەرخـدا، ڕەنگـدانەوەی بەهـا و بیروباوەڕی ئەو هونەرمەندانەن، کە تابلۆکانیان نەخشاندووە. لە سەردەمی ڕێنسانسدا تابلۆی ئەفسانەیی لەلایەن خاوەنکارە دەوڵەمەندەکانەوە نمایشدەکران، کە ئارەزوی مرۆڤدۆستی و زیندوکردنەوەی زانستی کلاسیکیان هەبووە. وێناکردنی ئەفسانە لەگەڵ گۆڕانی زەمینە مێژوییەکان پەرەی سەندووە. ئەوەی کە ڕەنگە لە سەردەمێکدا وەک ئاماژەیەکی ئایینی یان ڕەوشتی سەیر بکرایە، دەکرا لە سەردەمێکی دیکەدا وەک لێدوانێکی دەرونی یان بونگەرایی لێکبدرێتەوە. ئەم ڕێبازە ڕەمزییە قولایی ڕۆحی و فەلسەفی کارە هونەرییەکان بەرز دەکاتەوە، ئەفسانە لە هونەردا وەک پردێکە لە نێوان مرۆڤ و خوداوەند، هۆشیار و نائاگا، ڕابردو و ئێستادا کاردەکەن. لە سەردەمی نوێخوازیدا هونەرمەندان ئەفسانەیان بەکارهێناوە بۆ دوبارە لێکدانەوەی پرسە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکان، کە واقیع و فانتازیا تێکەڵاو دەبن بۆ گەیاندنی هەستی ئاڵۆز و تێڕوانینە قووڵەکان بۆ مرۆڤ و جیهان.

دەتوانرێت ڕەنگدانەوەی ئەفسانەی شاماران، کە ئەفسانەیەکی کوردییە ، ناوەرۆکەکەی باس لە کچێکی نازداری کورد دەکات، کە زۆر تاوانی بەرانبەر کراوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە، بۆیە زێدی خۆی بەجێدەهێڵێت و دەبێت بە پادشای مارەکان، کە نیوەی جەستەی مرۆڤ بووە و نیوەکەی تری لە شێوەی مار بووە، هەر وێنەیەکی شاماران لە تابلۆکانی هونەرمەندی شێوەکاری بەناوبانگ (ڕۆستەم ڕەسول ئاغالە)دا گوزارشت لە هەزاران وشە دەکات، جگە لە وەرگرتنی مۆتیفی وێنەکە، ئەم هونەرمەندە بە ناخی چیرۆکەکەدا قوڵ بۆتەوە، لێکدانەوەی لایەنی دەرونی لە نێو هێڵ و ڕەنگەکاندا دەخاتەڕو، بۆ ئەوەی گیانێکی نوێ بە بەر ئەم ئەفسانەیەدا بکاتەوە و بە زیندویی بیهێڵێتەوە. تا ئەو قۆناغەی ئازارەکانی ئیستای ژن لە نێو ئەم ئەفسانەیە دەدۆزێتەوە، دوبارە بە ڕابردوی گرێدەداتەوە. لێرەدا چەند پرسیارێك دێتە پێشەوە پەیوەندی نێوان ئەفسانە و هونەری شێوەکاری چییە؟ ڕۆڵی ئاغالە لە زیندوکردنەوەی کلتوری کوردیدا چییە؟ ئایا فیگەری شاماران لە هەمو تابلۆکاندا هەمان مەبەست دەگەیەنن؟ بەپێی پرنسیپی

توێژینەوەکە، کە لە دو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بەلایەنی تیۆری بابەتەکە، لە بەشی دووەمدا بە پێی ڕێبازی وەسفی شیکاری، شیکردنەوەی تەواوی فیگەری ئەفسانەی شاماران لە تابلۆکاندا دەخەینەڕو، کە دەبێتە وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** *ئەفسانە، ڕەنگدانەوەی کلتوریی، هونەری شێوەکاری، مێژو، تابلۆکانی ئاغالە.*

## پێشەکی

تابلۆکانی ئاغالە وەک هونەرێکی بینراوی سەرنجڕاکێش خزمەت لە بواری شێوەکاریدا دەکەن بۆ بەیەکگەیشتنی نێوان ئەفسانە و دەربڕینی هونەری هاوچەرخ. بە وەرگرتنی بەهرە و سود لە چیرۆک و هێما نمونەییەکانی ئەفسانە و کلتوری کۆن، کارەکانی ئاغالە بابەتی ئەفسانەیی بە شێوەیەک وێنا دەکات، کە دەنگدانەوەی لای بینەرانی هاوچەرخ هەیە. تابلۆکانی تەنها بەرهەمهێنانەوەی چیرۆکی ئەفسانەیی نین. بەڵکو، ئەوان ڕەنگدانەوە، لێکدانەوەی قووڵی دەرونی کەسی و دابونەریت و داهێنان تێکەڵ دەکەن. بە خستنە پاڵی ڕەنگی زیندو و شێوازە ئاڵۆزەکان، ئاغالە هەستێکی زیندو دروستدەکات، کە نەمری بە جوانییە کۆنەکان دەبەخشێت بۆ نوێبونەوەیان.

## ناونیشانی توێژینەوەکە

ڕەنگدانەوەی ئەفسانەی (شاماران) لە تابلۆکانی (ئاغالە)دا، ئەم ناونیشانە خستنەڕوی پەیوەندی نێوان دو هونەری گرنگە؛ لە هونەرێکی دەنگدارەوە بۆ هونەرێکی بێدەنگی پڕ لە ڕەنگ و جوانی ئەفسانەی شاماراندا، ئەفسانەیەکی سەرنجڕاکێشی کوردە، هێمای تێکۆشان و بەرخودانە. لە ناوەڕۆکی کارەکانی ئاغالەدا ئەو بیرۆکەیەی ئەفسانەکان پاشماوەی ڕابردو نین، بەڵکو بوونەوەرێکی زیندون، بەردەوام لە خەیاڵی مرۆڤدا هێما دەکێشن و شێوەیان پێدەدرێت.

## گرنگی توێژینەوەکە

لێکنزیکردنەوە و تێکەڵاوبونی فەنتازیای ئەفسانەکان و هونەری وێنەکێشان، یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە ئەدەبی کوردیدا، تا ئیستا بابەتێکی لەم شێوەیە توێژینەوەی لەسەر نەکراوە، بە ئاگاییمان لە مێژوی ئەفسانەکان، لە شیکردنەوەی هێلکاری و ڕەنگ و تۆنەکانی تابلۆکانی ئاغالەدا بەرجەستە دەبێت.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ناساندنی ئەفسانەی شاماران وەك ئەفسانەیەکی کلتوری نەتەوەیی کورد و داماڵینی لە ئەدەبی تورکی فارسی، بەبەڵگەی ئەوەی کە ڕەنگدانەوەی لە مێژوی کورد و

کەلتوری کوردی بە ڕونی دەبینرێت، پێویستە ئەم ئەفسانەیە ڕزگار بکرێت، لە ڕێگەی توێژینەوە لەم بابەتە ئەم ڕاستیانە بسەلمێنرێن.

**سنوری توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە لە چوارچێوەی تەنها ئەفسانەی شاماراندایە و ڕەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر تابلۆکانی هونەرمەند ( ڕۆستەم ڕەسول ئاغاله)دا دەخرێتەڕو.

ڕێبازی توێژینەوەکە: بۆ باسکردنی ئەم بابەتە پشت بە ڕێبازی شیکاری وەسفی میتۆلۆجیا دەبەستین، بەڵام لە هەندێك شوێندا بابەتەکە وادەخوازێت، شیکردنەوەی دەرونی بۆ فیگەری شاماران بکرێت لە ناو تابلۆکاندا، واتە پێویستمان بە ڕەخنەی دەرونشیکاری دەبێت بۆ ئەم مەبەستە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە دو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم تایبەتە بە لایەنی تیۆری بابەتەکە، کە باس لە ئەفسانە و جۆرەکانی ئەفسانە و تایبەتمەندی ئەفسانەی کوردی کراوە، پەیوەندی نێوان ئەفسانە و مێژو خراوەتەڕو، سەرنجمان خستۆتە سەر ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا بەشی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتکراوە بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و هونەری شێوەکاری دواتر کورتەیەك لە ژیانی هونەرمەند و کورتەیەك لە ئەفسانەکە خراوەتەڕو، دواتر ڕەنگدانەوەی ئەفسانەی شاماران لەبیر و هزری ئاغاله لە هەریەك لە تابلۆکانداشیکراوەتەوە، لە کۆتاییدا ئاماژە بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان کراوە.

**بەشی یەکەم**

**١-١- چەمك و زاراوەی ئەفسانە:**

چەمکی ئەفسانە پەیوەستە بە گێڕانەوەی چیرۆك و ڕوداوەکانی هەر کۆمەڵگەیەك. لە زمانی یۆنانی بە (mythos) ناسراوە، کە واتای چیرۆك و گێڕانەوەی بەخشیوە لە زاری خوداوەند و پاڵەوانەکانەوە وەرگیراوە (ئەنوەر، ٢٠٠٥: ٦). بەڵام لە زمانی ئینگلیزی پێیدەوترێت (myth) کە نزیکە لە زاراوە یۆنانییەکە ئەمەیان تایبەتکراوە بەو ئەفسانانەی کە خواوەندەکان پاڵەوانن، هەروەها زاراوەی (lengend)یش بەرانبەر ئەفسانە بەکاردێت، بەڵام ئەفسانە بەشێوەیەکی گشتی(حەسەن، ٢٠٢٠: ١٦) هەرجۆرە گێڕانەوەیەك، کە باس لە پاڵەوان و خواوەند و هونەری فەنتازیا بکات، مێژویەکی بەسەردا تێپەڕی بێت بە چیرۆکی ئەفسانە ناودەبرێت. کەواتە زاراوەی ئەفسانە لە زمانی کوردیدا چەمکێکی گشتی دەگەیەنێت بۆ ئەفسانە هیچ جیاکردنەوەیەکی تێدا نەکراوە. ئەفسانە (لێکدانەوە و بیرکردنەوە و توانای زانستی مرۆڤە بۆ ژیان لەسەردەمانی کۆنەوە)( تاهیرمیقداد و عەزیز، ٢٠٢١: ١٠٠).

سەرهەڵدانی ئەفسانە مێژوێکی کۆنی هەیە، ((بیروباوەڕی ئەفسانە لەسەردەمی ژیانی ئادەمیزادی ئەشکەوتەوە سەریهەڵداوە، لەو ڕۆژەی بیری لە "کردگار" کردووەتەوە، ئەوەی گەردوونی "بوونی " دروستکردووە و تا ئێستا بەدوایدا دەگەڕێ))(حەسەن، ٢٠٢٠: ١١) ئەفسانە چیرۆکێکی خەیاڵییە یان نیمچە خەیاڵییە، کە زۆرجار پەیوەستە بە بیروباوەڕی ئایینی و کلتوری خەڵکەکانەوە، بۆ ڕونکردنەوەی دیاردە سروشتییەکان، بۆ تێگەیشتن لە ڕوداوە مێژوییەکان، یان پێشکەشکردنی بەهاو بیرۆکەی کۆمەڵایەتی. ئەفسانە بە بونی کارەکتەرەکانی سەروی سروشت وەک خوداوەند و دێو و گیانلەبەرانی نامۆی وەك سیمرخ یان پاڵەوانی ئەفسانەیی دەناسرێتەوە، گێڕانەوەکان پڕن لە ڕوداوی سەرسوڕهێنەر، کە ئەفسانەزانی ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە ئاشکراکردنی ناسنامە و کلتوری خەڵک بە درێژایی سەردەمەکان. (( ئەفسانە چیرۆکێکە یان کۆمەڵە چیرۆکێکە، یان ئەو بابەت و ڕوداوانەن، کە لە خوداوەندەکان، یاخود لە هێزێکی نادیارەوە، کە زۆر باسکرابێت، لە نێوان خەڵکدا، یاخود لە نێوان تیرە و هۆز و کۆمەڵگەدا بە مەبەستی تاقیکردنەوە، ئەفسانە شلۆڤەی بونەوەر و مرۆڤ گەشەی کرداری لەناوچون و بابەت و بەسەرهاتی ناودارەکان و قارەمانان دەکات))(قیس، ١٩٨١: ١٠).

دروستکردنی ئەفسانە نوێیەکان بەم تایبەتمەندیانە دەناسرێنەوە: گەردونییە، ئاژاوەگێڕی وەك تەوەرێکی جیهانی ئەستێرەناسی و ژیان لەسەر زەوییەکی دیکە و بونی پاشا و مردنی نیشاندەدرێن، پاڵەوانی ئەم جۆرە وێنەیە بیرۆکەی هونەری فۆلکلۆری زارەکییە، ڕەنگدانەوەی بەها و باوەڕ و جیهانبینی خەڵکە، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژیا، ژینگەیی، سیاسی و ڕۆحییەکانیان نیشاندەدرێن. (Naumovska, et al., 2024, p. 82)، ئەفسانەکان تەنها خەیاڵێکی پوچ نییە، بەڵکو گوزارشتە لە بەدواداچونی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لە گەردون و دەوروبەری، ئەمەش پەنجەرەیەکە بۆ ڕەنگدانەوەی مێژو و شارستانیەتی گەلان بۆ دیاردەکان.

**١-٢- جۆرەکانی ئەفسانە:**

ئەفسانەکان چیرۆکی خەیاڵی یان نیمچە خەیاڵین، کە بە درێژایی نەوەکان دەگوازرێنەوە بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردە سروشتییەکان یان بۆ بەهێزکردنی بیروباوەڕی کلتوری. هەمو ئەفسانەکان ئاماژە بە یەک بابەت ناکەن، یان مەبەست و یەک ئامانجیان نییە، هەرچەندە ئەفسانەکان لەڕوی شوێن و سەردەمەکانیانەوە جیاوازن، ئەفسانەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە تێگەیشتنیان و درکپێکردنی واتاکانیان و ئەفسانە لەڕوی جۆر و بابەتەوە، جۆری جیاوازی هەیە، هەریەکەیان بە پێی ناوەرۆك و نەتەوە و کلتورەوە چەند

تایبەتمەندیەك لەخۆدەگرێت. . ئەفسانەی گەردوون دەتوانرێت بەپێی بابەت و ئەرکەکانیان پۆلێنبکرێن:

١. ئەفسانەی ئامۆژگاری: ئەفسانەیەکە، لە دەوری هاندان بۆ پابەندبون بە ژیری و بونیادنان و دامەزراندنی پەیوەندییەکی تەندروست دەخولێتەوە لە نێوان مرۆڤ و یەزدان و هۆشداری دەدات لە دەرەنجامەکانی یاخیبون یان ناکۆکی ئەم ئەفسانانە درک بە پێگە و تواناکان، و تێڕامانکردن دەکات. لەسەر خاکەکەیان، ئادەم یەکەم مرۆڤ بە هاتە نێو ژیانی دنیایی، پەیمانەکەی لەگەڵ پەروەردگاری بەجێهێشت و،لاپەڕەکانی ڕابردوی پێچایەوە، ڕێگای ڕێنمایی گرتەبەر. (قسم الدراسات، ٢٠٠٩: ٦٠). واتە بەشێك لە پەیامی ئەفسانەکان، ئامۆژگاریکردن بو.

٢. ئەفسانەی پەروەردەیی: ئەفسانەکان پەیوەست بون بە پەیژەی شارستانیەتی مرۆڤایەتیەوە و ئەفسانەکانیش لە ئەم جۆرە ناوەرۆکە بە مەبەستی پەروەردەیی، میتۆلۆژیا وەک ئامرازێک بو، بۆ پەیامی پەروەردەیی، لەبەر دو هۆکار؛ یەکەمیان بەهۆی ئەو کەسایەتییە پیرۆزەی کە لە ئەفسانەکاندا هەیە، ئەو سیفەتە یارمەتی گوێگرانی دەدات باوەڕ بەو کارلێکە بکەن وەك گواستنەوە لە هاوسەرگیری هەڕەمەکییەوە بۆ هاوسەرگیری ڕێکخراو، ئەفسانەی پەروەردەیی بۆ بەشداریکردن لە فێرکردن و جەختکردنەوە لەسەر بنەماکانی خێزان، بایەخ بە بنەما هونەرەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریش دەدات، چونکە ئەمە پەیوەندی بە خێزان و ژیانی سەقامگیریەوە هەیە. لە ئەفسانەی سۆمەرییەکاندا، کە باس لە هاوسەرگیری (ئانانا) دەکات، وەك بونیادنانی خێزانێکی ڕێکخراو. (قسم الدراسات، ٢٠٠٩: ٥١). ئەمەش هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە.

٣. ئەفسانەی زانستی و گەردونی : ئەفسانەی زانستی لەسەر بابەتە زانستییەکانی وەک دروستکردن، پێکهێنان و سەرچاوەی شتەکان یەکدەگرێت، یەکێکە لەو ئەفسانانەی کە مێشک سەرسام دەکات و مانایەکی مەزن دەربارەی دروستبونی گەردون لەخۆدەگرێت، دروستبونی ئاسمان و زەوی، دروستبونی ڕووەکەکان و ئاژەڵ و مرۆڤ، ئەمە بە ئەفسانەی پەیدابون دادەنرێت، بابلییەکان گرنگترین ئەفسانەکانی ئافراندنیان بەرهەمهێناوە.

٤. ئەفسانەی پاڵەوانیەتی: ئەم جۆرەیان پاڵەوانەکان لە دەوری کارەکتەرە سەرەکییەکان دەسوڕێنەوە، کە جێپەنجەی دیار بەجێدەهێڵن لە مێژوی کۆن وەک پاشاکان و سەرکردەکانیان لە ڕێگەی ئەم ئەفسانانەوە دەتوانین چەمکی قارەمانێتی لە نێو گەلانی کۆن و سروشتیان و پەیوەندییان بە هێزی یەزدان

بخرێتەڕو. وەك ئەفسانەی گلگامێش پاشای سۆمەری ئور و پاڵەوانییەتی گلگامێش لە بە رە نگاربونە وە ی مە ترسییە كان و گە ڕان بەدوای نەمریدا، كەسێتییەكی بەهێز ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت، بۆیە ((كەسێتی ئەو هێزەیە، كە دەتوانێ گوڕوتین و جووڵە ببەخشێت بە دەقە ئەدەبییەكان و بەرەو پێشەوە بیانجووڵێنێت هەروەها كەسێتی یەكێكە لە توخمە گرنگەكان بە دەست نوسەرەوە، بۆ ئەوەی پەیامی خۆی لە ڕێگەی ئەوەوە بگوازێتەوە بۆ وەرگرەكانی و وەكو ئامرازێك دەیكات بە زمانحاڵی خۆی لە بری ئەو قسە دەكات و چی لە ناخ و بیری دایە بۆ وەرگرەكان دەیخاتەڕو))(عەبدولقادر، ٢٠٢٠، ٣٨١). ئەفسانەی هەرقل نمونەیەكی ئەفسانەی پاڵەوانیتییە ئەمە چیرۆكێك دەگێڕێتەوە، كە تایبەتمەندییەكی ناوازەی هەیە، میتۆلۆژیای یۆنانیدا (باقر، ٢٠٠٠، ١٧).

٥. ئەفسانەی ئاینی: بەشێك لە ئەفسانەكان ناوەرۆكێكی ئاینی لەخۆدەگرن پەیوەندی بە خواوەندەكان و پەرستنەوە هەیە، و پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤ و سروشت ڕوندەكاتەوە. ئەفسانەكان(( ناوەرۆك و بۆچونێكی ئاقیدەبەندی هەیە و مرۆڤ لە بەرانبەریان هەڵوەستەی خۆدواندن و پێكچون ڕێچكەی باوەڕ و دینداری دەگرێت... دەبێتە ڕێنیشاندەر و ڕونكەرەوەی مەبەستە پیرۆزەكانی ))( جوتیار، ١٩٨٤: ٤٧). ئەفسانە بە واتا ئاینییەكەی پیرۆز و تایبەتمەند و گرنگ بو، بەشێك بو لە كلتور و بیروباوەڕ و بنچینەی هەر نەتەوەیەك(حەمەغەریب، ٢٠١٩: ٩٥) ئەوان پەیوەستن بە بیروباوەڕی ئایینی، پەیوەندی بە پیرۆز و نائاساییەوە هەیە. ئایین فراوانترین دەستەواژەیە، كە ئەفسانە و ئاینێكی دیاریكراو تێكەڵ دەكات، وەك میتۆلۆژیای یۆنانی و ئایینی كۆنی یۆنانییەكان. ((لە ئاسانەی گەلانی تردا چاومان بە دەیان نمونەی ئیتر دەكەوێت كە باسی خواوەند و دەسەلاتداری جیاواز دەكەن كەچی لە ئەفسانەی كوردیدا تەنها چاومان بكرد كارتێكردنی دوو نموونەیان دوو خواوەندی سەرەكی دەكەوێ ئەوانیش خواوەندی خێر و ڕووناكی))( شارەزا، ٢٠٠٥، ١٠).

**١-٣- ئەفسانە و مێژو:**

پەیوەندی نێوان ئەفسانە و مێژو ئاڵۆز و فرە لایەنە، وەك بەڵگەی ئەو تێڕوانینە هەمەجۆرانەی كە لە سەرچاوەكاندا پێشكەش كراون. ئەفسانەكان دەتوانن وەك سەرچاوەی مێژویی گرنگ خزمەت بكەن، چونكە ڕەنگدانەوەی جیهانبینیی باوەڕ و دۆخی كلتوری كۆمەڵگەیەك نیشاندەدەن. ئەفسانەكان دەتوانن تێڕوانینی گێڕانەوە لەسەر ڕابردو و چەمكی مێژوی كۆمەڵگە بەرجەستە بكەن. لەگەڵ ئەوەشدا، هێڵی نێوان ئەفسانە و مێژو دەكرێ بەرتەسك بێت، بۆیە گرنگە ئەفسانەكان بە شێوەیەكی ڕەخنەگرانە

تـاقیبکرێنەوە بـۆ جیـاکردنەوەی ڕاسـتی لە خەیـاڵ. بـۆ تێگەیشـتن لە کارلێـک لەنێـوان ئەفسانە و مێژو، گرنگە ئەفسانەکان بکرێن بە شایتحاڵێکی مێژویی بۆ نەتەوەکان. نەك مێـژو بکرێتـە هۆکارێـك بـۆ ڕوبەڕوبونـەوەی نـاجێگیرکردنی ئەفسـانە بەناوبانگەکـان، بەتـایبەتی ئەوانەی کە کـار لەسـەر سیاسـەتی نـەتەوەیـەك دەکـەن، بۆیـە بەکارهێنـانی ئەفسانەکان وەک سەرچاوەی مێژویـی بـێ ئاسـتەنگ نییە. میتۆلۆژیـا فۆرمێکی هـونەرییە، ئامـاژە بە سـەروی مێـژو دەکـات بـۆ ئەوەی مـرۆڤ لە بـونی خۆیـدا بە نەمـری بهێڵرێتـەوە، ((پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەیی و مێژویی و کولتوورییەکانی هەموو میللەتێك لە جیهانی پـێش شارسـتانییەتدا، لە ڕێـگەی تۆمـارکردنی بەسـەرهات و ڕووداوەکـان بـووە. یەکێـك لە ئامرازەکـانی تۆمـارکردنی ئەم سـەربردە مێـژووییە دێرینـانە ئەفسـانە بـووە)) (Naderî،2021) شـیکردنەوەی ئەفسـانەکان دەتـوانێ تێڕوانینێـک بـۆ دینـامیکی کلتـوری، کـۆمەڵایەتی و سیاسـی و ڕابـردو دەسـتەبەر بکـات، لە هەمانکاتـدا دەریـدەخات، کە چـۆن ئەفسـانەکان بەردەوامن لە شێوەی تێگەیشتنمان لە جیهان؟

هۆشیاری ئەفسانەیی پرسیاری فەلسەفی قوڵی داڕشتووە: جیهانی ئێمە چییە؟ مـرۆڤ بون چییە؟ چۆن گەیشتە ئەم قۆناغە؟ دوایین مەبەستمان چییە؟ سروشـت چییە؟ مێژوەکەی چییە هتد؟ فەلسەفە، ئەرکێکی بەرپرسیارانەی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە گرتە ئەستۆ، کـە لە قـوڵایی میتۆلۆژیـاوە سـەریهەڵداوە. یەکەم قوتابخـانەی فەلسـەفەی یۆنـانی کـۆن قوتابخـانەی میلیسـیان بـو، کە تـالیس و ئاناکسـیماندەر و ئاناکسـیمێنس نوێنەرایەتیـان دەکـرد. بۆ یەکەم جار لە مێژوی ناسراودا، ئەم فەیلەسوفانە مەبەستیان بـو پرسـیار لەسـەر بنەمـای بنەڕەتـی مێـژوی بـونی جیهـان بکـەن. بـۆ ئەمـەش پشـتیان بـە بنەمـای بیـرۆکەی ئەفسـانەیی بەسـت، هەوڵیانـدا سیسـتەمی جیهـانی بە بەکارهێنـانی چەمکـی چـوار تـوخم ڕونـبکەنەوە. فەیلەسـوفە کۆنەکـان دەسـتیان کـرد بە دوبـارە بیرکـردنەوە لە مـاددە ئەفسانەییەکان. ئەمە پرسیارێکی نوێی لێکەوتەوە لەسەر پەیوەندی نێوان زانینی عەقڵانیی و نوێنەرایەتیکردنی ئەفسانەیی. سۆفیستاییەکان ئەفسانەکانیان بە هێمای لێکدانەوە بۆ بیروباوەڕی بوونەوەری زیندوی گەردونی خستەڕو.(Shynkaruk, & et...2018: 20 )

بەبـۆنەی کـردنەوەی کـۆمەڵگەی کوردەکـان لە بەرلـین لە ئەڵمانیـا لە ئەیلـولی ١٩٩٧، کوردناس بەناوبانگ دکتۆر جەمال نەبەز، وتارێکی پێشکەش کرد لەژێر ناونیشـانی (کوردەکـان – مێـژو و کلتوریـان)، ئەم وتـارە نەک تەنهـا بەهـۆی نـاوەڕۆک و ڕومـاڵەکەیەوە گرنگییەکـی زۆری هەبو، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەسـەر بنەمـای داتـای ورد و بەڵگەی زانسـتی مێژویـی بـو. دکتـۆر نەبەز لە وتارەکەیـدا باسـی بـابەتی جۆراوجـۆری کـرد، بـۆ نمـونە مێـژوی کۆنی پێش مەسیحییەت و میتۆلۆژیای کورد، بەرزی کلتوری و قووڵایی گەلی کورد لە ژێر

سێبەری هەڵمەتە زۆرەکانی گەلانی بێگانە بەناو کوردستاندا، هەمەجۆری سەرسوڕهێنەری ئایینەکان لە کوردستاندا، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر هاوئاهەنگی وەک دیارترین خەسڵەتی کلتوری ئایینی کوردی. پێناسەکردنی هاوئاهەنگی کورد وەک خۆی جیاواز لە ئایینە تێکەڵەکان. (Garabet K Moumdjian)

بۆچونە جیاوازەکان بۆ چۆنیەتی کارکردنی ئەفسانەکان لە کۆمەڵگەدا هەمویان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەفسانەکان بۆ مێژو دابەزێنراون، لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا کار دەکەن. بۆ نمونە لە زانستی نوێدا، ڤیکۆ گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەفسانە گرنگییەکی کۆمەڵایەتی هەیە وەک پلاتفۆرمێک شارستانیەتەکان لێوەی گەشە دەکەن و توانای خۆی بۆ هاندانی بیرکردنەوەی خەیاڵیی پێویست بۆ گەشەکردنی شارستانیەتەکان دیاریکرد (Horkheimer, 1987: 66)

**١-٤- ڕەنگدانەوەی ئەفسانە لە کلتوردا:**

یەکێک لە شێوە سیمبوڵییە سەرەکییەکانی کلتور، ئەفسانەیە. ئەفسانە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی دولایەنە و جێگیری توخمەکان دەردەخات. لە چوارچێوەی کلتوری کۆمەڵایەتی ئێستادا، گەشە دەکات و هەمو بوارەکانی چالاکی مرۆڤ بڵاودەکاتەوە ) Shynkaruk, & et...2018: 18). فەیلەسوف و مرۆڤناس و ڕەگەزناسی فەرەنسی لێڤی برۆهل هەوڵیدا سروشتی هۆشیاری خەڵک ئاشکرا بکات، وەک باوەڕێکی باو، کە لە ئاستێکی نزمی گەشەسەندنی مێژویی کۆمەڵایەتیدا بون، گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە جیاوازی بنەڕەتی نێوان بیرکردنەوەی سەرەتایی (ئەو بیرکردنەوەی سەرەتایی دەخاتە پاڵ کلتور) ئەوا پێیدەگوترێت بیرکردنەوەی شارستانی .(Levy, 2018: 34) چونکە ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵ ئاڕاستەدەکات بۆ هەنگاونان بەرەو بیرکردنەوەی گەشەسەندوی شارستانیەت، کلتورە.

لە کلتوری نەتەوەییدا، ئەفسانەکان زۆرجار هەستی بەردەوامی دەبەخشن، کۆمەڵگە نوێیەکان بە ڕابردوی باوباپیرانیانەوە دەبەستنەوە. ئەم گێڕانەوە کۆنانە لە بۆنە تایبەتەکان، ڤیستیڤاڵەکان، ئەدەب و هونەردا چنراون و یادەوەرییەکی کلتوری هاوبەش گەشە پێدەدەن. لە وڵاتانی وەک ژاپۆن، ئەفسانەی ئاماتراسو، خواوەندی خۆر، جەخت لەسەر ڕەچەڵەکی خودایی خێزانی ئیمپراتۆری دەکاتەوە و بابەتەکانی یەکێتی نەتەوەیی و ڕێزگرتن لە دابونەریت بەهێز دەکات. .(Shynkaruk, & et...2018: 19) لەگەڵ ئەوەشدا، ئەفسانەکان دەتوانن ڕەنگدانەوەی گرژی و دژایەتییە کلتورییەکانیش بکەن. لە کۆمەڵگەکانی پۆست کۆلۆنیالدا، ئەفسانە نەریتییەکان زۆرجار بۆ چەسپاندنی ناسنامەی خۆماڵی، لە هەمان کاتدا ململانێ لەگەڵ گێڕانەوەکانی کۆلۆنیال دەکەن.

**١- ٥- ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا:**

ئەفسانە و بەسەرهاتەکان توخمی پەیوەندیدارن لە هەمو کلتورەکانی جیهاندا، ئەوان ئەزمون و جیهانبینی کۆمەلایەتی و جیهانی مرۆڤ ڕوندەکەنەوە. ئەمە کۆی شێوازی ژیانی خەڵکێک لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو یان جیاواز دەگرێتەوە. (( گەلی کوردیش وەکو زۆربەی گەلانی دانیشتووی میزۆپۆتامیای دێرین خاوەن سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوی ئەفسانەیە)) (حەمە غەریب، ٢٠١٩: ١٢٤). ئەدەبی کوردی خاوەن ژمارەیەکی زۆری ئەفسانەیە، بەڵام بەهۆی کەمی بەدواداچون، توێژینەوەکان نەیانتوانیوە بگەنە ڕاستی مێژوی گشت ئەفسانەکان. ئەو ئەفسانانەی تۆمارکراون بەشێکی کەمن، چونکە بەشێکی ئەفسانەکان لەسەرزاری کەسە بەتەمەنەکان ماوەنەتەوەیان چونەتە ژێرگڵ.

ئەفسانەی کوردی خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوەیە کە ئەفسانەی کوردی شوناسێکی تایبەت و سەربەخۆ وەرگردەگرێت .ئەم تایبەتمەندییانە لە چوارچێوەی پێکهاتەی ئەفسانەی کوردییەوە دەستنیشان دەکرێن .سەرجەم دەقە ئەفسانەییەکانی کوردی بەسەریەکەوە، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی پێکدێنن، کە ڕەگ و ڕیشەیان لە مێژووی شارستانییەتی کورددا داکوتاوە .ئەم دەقە ئەفسانەییانە لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤی کورد پەیدابوونە و پەیوەستن بە جۆری بیرکردنەوە و ژیانی مرۆڤی کوردەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەفسانەی کوردی بە تەواوەتی جیاوازە، بەڵکو کۆمەڵێك تایبەتمەندی گشتی هەیە، لە ناو ئەفسانەی گشت نەتەوەکان هاوبەشە، کە ئەفسانەیی ڕوداوەکان دەسەلمێنن، وەك ( سروشت و دیاردە و زانست و خەون و خەیاڵ و هێزی چاکە و هێزی خراپە و مۆرۆڤە نامۆکان ...هتد). هەندێك سیمای جیاکەرەوە لەئەفسانەیدا کوردیدا دەبینرێت لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕو:

١. بەشێك لە ئەفسانەی کوردی لە ڕوی لۆجیکەوە فۆرمێکی نالۆجیکی پێشکەش دەکەن، چونکە هەندێك لە ڕوداوەکان لەگەڵ واقیعدا ناگونجێن، بەڵام بەشێکی تریان ڕەنگدانەوەی مێژوی نەتەوەی کوردە و پەیوەندی بە ڕوداوە ڕاستەقینەکانەوە هەیە.

٢. لە ئەفسانەی کوردیدا، هەست و سۆز بەسەر عەقڵدا زاڵە.

٣. لە زۆربەی ئەفسانە کوردییەکاندا بیرۆکەی ئەوە زاڵە، کە مرۆڤ بەردەوام لە ڕوبەڕوبونەوەدان لەگەڵ قەدەر. ململانێ لە نێوان هێزی چاکە و خراپەدا یان لە نێوان تاریکی و ڕوناکیدا هەیە.

٤. زۆر دەقی ئەفسانەیی هەیە، دوای بیستنیان، لەڕوی فیکریەوە گۆڕانکاری دەرونی لە ناخی مرۆڤەکان دروستدەکات.

٥. لەڕوی هزرییەوە ڕەنگدانەوەی کلتور و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ئەفسانە کوردیەکاندا دەردەکەوێت. ( حەمە غەریب، ٢٠١٩: ١٢٧-١٢٩) .

٦. بیری ئەفسانەی کوردی گەڕانە بەدوای نەمرییدا، بیری مرۆڤکردن بە خواوەند و گەڕان بە دوای بەخت و خۆشەویستی کچە پاشا و کوڕە گەدا. هیچ بەربەستێك لە نێوان خۆشەویستی مرۆڤ و بونەوەرە نامۆکانی وەك پەری و دێو و ئەجندە و ژن و ژنخوازی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا نییە. (حەسەن، ٢٠٠٢: ٢٤-٢٧).

**بەشی دووەم**

**٢-١- پەیوەندی نێوان ئەدەب و هونەری شێوەکاری:**

ئەدەب و هونەری بینراو بە درێژایی مێژو بە ئالۆزی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ڕەنگدانەوەی یەکتر و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە لە هەمو کلتور و سەردەمەکاندا، هەردو شێوەی دەربڕین، ئامانجیان گەیاندنی هەست و بیر و گێڕانەوەکانە، بەڵام لە ڕێگەی کەناڵی جیاوازەوە ئەنجام دەدرێن وشە بۆ ئەدەب و وێنە بۆ هونەری بینراو. ئەم پەیوەندییە کارلێکێکی داینامیکی گەشە پێدەدات، کە تیایدا شێوازێکی هونەری بەهرە پێدەر و تەواوکەری ئەوی ترە . واتە ئەدەب هونەرێکی دەنگدارە و وێنە و تابلۆکان هونەرێکی بێدەنگن. کارە ئەدەبییەکان لەگەڵ هونەرە بینراوەکاندا، ئەندازەی دراما و فلیمەکان دەکێشن، بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژانە زیاتر تیشک دەخاتە سەر سنورە ناجێگیرەکانی نێوان ئەم فۆرمانە .(Colard, J., 2020: 11) یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی لێکنزیکبوونەوە لە نێوان ئەدەب و هونەری بینراو جەختکردنی هاوبەشیان لەسەر گێڕانەوەی چیرۆک و ئەفسانەکانە. ئەدەب زۆرجار وەسفی ڕون پێشکەشدەکات، کە خەیاڵ دەوروژێنێت، لە کاتێکدا هونەری بینراو جەوهەری چیرۆکەکان لە ڕێگەی وێنە و هێماکانەوە واتاکان پێشکەش دەکەن. بۆ نمونە، کارەکانی دانتێ ئەلیگیری، بەتایبەتی کۆمیدیای پیرۆز، ئیلهام بەخش بووە بۆ چەندین لێکدانەوەی بینراو، لەوانە هەڵکۆڵینە وردەکارییەکانی گوستاڤ دۆرێ کە دیمەنە دۆزەخییە زیندووەکانی دانتێ زیندودەکاتەوە. (Vasileva, E. 2021: 37) هەردو بوارەکە ڕۆڵیان هەیە لە ڕەنگدانەوەی بەها کۆمەڵایەتیەکان، سیاسەت و چوارچێوەی کلتوری. لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا، ئەدەب و هونەر بەیەکەوە ئاهەنگیان گێڕا لە بابەتەکانی سروشت و تاکگەرایی. بەهەمان شێوە، لە سەردەمی مۆدێرن، گێڕانەوەکانی پەرتەوازە لە ئەدەبدا ڕەنگدانەوەی شێوازەکانی ئەبستراکت و ئەندازەی هونەری بینراو بون، وەک لە کارەکانی ت.س. ئێلیۆت و پابلۆ پیکاسۆدا دەبینرێت.

گێڕانــەوەکان دەتــوانن ســەرچاوەی بــەهرە بــن و هــانی هونەرمەنــدان و نوســەران بــدەن بــۆ دۆزینەوەی فۆرم و ناوەرۆکی نوێ. کارلێک لە نێوان ئەم دو فۆرمە پرسیاری نوێ دەوروژێنن دەربارەی فـۆرم و نـاوەرۆک و ڕۆڵـی بونیـادنەری و بیـنەری، وەک لە کارەکـانی هونەرمەنـدانی وەک هێنری ماتیس دەبینرێت، کە سنورەکانی نێوان وێنە و وشەی دۆزیوەتەوە. (Benjamin, E., & Corser, S. 2015: 2) پەیوەنـدی نێـوان ئەدەب و هـونەری بینـراو بە قـووڵی لە چوارچێـوەی مێژویی و کلتوریدا ڕەگی داکوتاوە. لە فەرەنسا لە سەدەی نۆزدەهەمدا، کارلێک لە نێوان گێڕانــەوە و هونــەری وێنەکێشــاندا لــە پێکهــاتەی کۆمەڵایەتیــدا فراوانتــر بــو، لەوانە فۆتـۆگرافی و چـاپکردن. ئەم مــاوەیە دەوڵەمەنــدبو بــە جۆراوجــۆری کارلێــک لە نێــوان پراکتیکەکانی زارەکی وهونەری بینراودا، کە ئەمەش ڕەخنەی هونەری و ئاڵوگۆڕی نێوان تــابلۆ و تێکســتەکان دەگــرێتەوە.(Collier, P., & Lethbridge, R. 1996: 729) لــە بــارودۆخی هاوچەرخـدا، پەیوەنـدی نێـوان ئەدەب و هـونەری بینـراو بەردەوام لە پەرەسـەندندایە، بەتـایبەتی تێکەڵکردنی ئەدەب لە بۆشاییەکانی هونەری بینـراودا، وەک مۆزەخانەکـان، شـێوازی نـوێی نمایشکردن و ئەزمون پێشکەش دەکەن، کە ڕێگە بە دوبارە داهێنـانی دەربڕینـی ئەدەبـی و هونـەری وێنەکێشـان دەدرێت.(Urban, A. 2023: 113) لـەناو هونـەری کوردیـدا ئـەم پەیوەندیـە دەبینرێت، ڕەنگدانـەوەی ئەفسانەکان لـە ئەدەبـدا بەگشتی بەرجەسـتە دەبێت. کەریم شـارەزا باسـی یـەکێك لە هۆنراوەکـانی (محمـد سـاڵح دیـلان) دەکـات، کە ئامـاژە بـە ئەفسـانەیەك دەکات پێیوایە، کە باس لە (چیرۆکی ڕووداوە نەبڕاوەکە) دەکات گەلێك وێنەی ئەفسانەی جوان جوانی خوڵقاندووە، کە ڕاستەوخۆ لە گەنجینەی کەلەپوری نەتەوەیـی میللەتەکەیەوە وەریگرتووە چارەسەری ناتەواوی ڕۆڵەکانی گەلەکەی خۆی پێدەکات. (شارەزا، ٢٠٠٥: ٥٩).

### ٢-٢- دیدگایەکی نوێ بۆ ئەفسانەی شاماران و ڕەنگدانەوەی لە کلتوری کوردیدا:

شاماران ناوێکی کوردی لێکدراوە، واتای پادشای مارەکان دەگەیەنێت، لەڕوی وشەسازیەوە، کەوتۆتە ژێر دەستوری پێکهاتەی وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی، کە لە سێ مۆرفیمی( شا + مار + ان ) پێکدێت، واتە ( ناو + ناو+ ان)ە، بەشی یەکەم و دووەم ناون، بەڵام بەشی سێیەم نیشانەیە بۆ کۆکردنەوەی ناو لە زمانی کوردیدا. چەندان ناوی تری لەم شێوە لەزمانەکەدا هەیە، ( شاگوڵ، شاکێو، شازادە).

ئـەم ناونیشـانە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـە نـاوەرۆکی ئەفسـانەکەوە هەیـە، چونکـە شــاماران کارەکتــەری پاڵــەوانی چیرۆکەکەیــە، خــودی ئەفســانەکە لــە پێنــاوی ئــەو بەرهەمهاتووە. هەڵقوڵاوی ڕەچەڵەکی کوردە وێنەی شاماران، شاماران خواوەندێکی مێینەی دێرینـی کوردیە. لە نـاو خەڵکدا وا بـاوە، شاماران خواوەنـدی زانـین و پـارێزەری نهێنیەکـانە. بەسەرهاتی شاماران بە گشتی لە باکوری کوردستاندا بڵاوە و خەڵک زۆر پێی ئاشنایە. جیا

لەوەی بە شێوەی هێڵکاری و هەڵکۆڵین لە کوردستان برەوی هەبو، بە شیوەی نەخش و نیگار لە کاردەستییەکانی وەک تابڵۆ فەرش و پەردە و شتی لەو بابەتەشدا، لە سەرانسەری کوردستان بینراوە. ئەو ئەفسانەیە لای کوردان ڕەمز و هێمای زاوزێ و بەرەکەت و زانایییە. چون خودی شای ماران پاش ئەوەی دەکوژرێ هەر لە جەستەی ئەوەوە دیسان کچێک لە ڕەنگ و شێوەی خۆی لەدایک دەبێتەوە و هەمیسان ژیانی سەر لەنوی دەست پێ دەکاتەوە. واتە ڕۆژی مەرگ و ژیانی ئەو بوونەوەرە نیوە ژن و نیوە مارە یەک ڕۆژە. هەر ئەو ڕۆژەی کە دەمرێ لە دایک دەبێتەوە و ژیان لەودا کۆتایی نایە و بە شێوەیەکی بەردەوام لە زاوزێدایە (پێشەوا ڕۆژهەڵات).

بیروبۆچونی جیاواز خراوەتەڕو سەبارەت بە ئەفسانەی شاماران، بۆ ونبونی هەمو بەها ڕەوشتییەکانی سەرچاوەی سەرەکی، کە کوردە. ڕیشە و ڕەچەڵەکی جیاوازی بۆ دەدۆزرێتەوە، بەڵام هیچ لە بۆچونەکان بەڵگەی ڕاستەقینەیان نییە بۆ سەلماندنیان. ئەوەی گەواهیدەری ڕیشەی سەرەکیی ئەو ئەفسانەیەیە، ڕەنگدانەوەی خودی ئەفسانەکەیە لە کلتوری گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا. ئەفسانەناسان ، ڕیشە و ڕەچەڵەکی ئەو ئەفسانەیە باس دەکەن، کە هەرێمەکانی باکوری کوردستان و ئەنەدۆڵ، باشوری کوردستان و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. واتە کوردستانەکانی ژێر دەستی ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا. دیارە ئەو چیرۆکە لە ڕێگای کوردەکانەوە دزەی کردووەتە ناو نەتەوە دراوسێکانیشەوە. بەڵام هەم خودی چیرۆکەکە و هەم فەلسەفەی پشت ئەو چیرۆکە، لە کوردستاندا پشتاوپشت پارێزراوە و تەنانەت، تا چەندین ساڵ لەمەوبەر هیچ ماڵە کوردێک نەبو، وێنەیەکی شامارانی بە دیوارە هەڵنەواسرابێ( پێشەوا ڕۆژهەڵات).

چێرۆکی شاماران هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن خەڵکەوە گرینگیی زۆری پێ دراوە و بەربڵاویی وێنەکانی شاماران ئەو ڕاستییە نیشان دەدەن و هەم لە باکوری کوردستان جێگە و پێگەی سەرەکیی هەیە. تەنانەت خەڵکی شاری "ماردین" لەسەر ئەو بڕوایەن شاماران لە قەڵایەکی سەر بە سەدە ناوەڕاستەکان لە پازدە کیلۆمیتریی باکوری شاری "تەڕتووس" ژیاوە. ئەو قەڵایە تا ئێستاش ئاسەواری هەر ماوە و لە گەڕەکی "میسیس"ی شاری تەڕتووسە. ئێستا لە یەکێک لە مەیدانەکانی ئەو شارە پەیکەرەیەکی شاماران داندراوە و هەر لەو گەڕەکە حەمامێکی لێیە دیوارەکانی پەڵەی سوری وەک پولەکەی ماری پێوەیە و خەڵکی پێیانوایە؛ ئەوە هەمان ئەو حەمامەیە، کە شامارانی لێ کوژراوە و ئەو پولەکانەش پولکەی پێستی ئەون و بەدیوارەکەوە نوساون. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، لەبەشی موکریان بە گشتی، خەڵک شاماران و نیشانەکانی دەناسن، لەهەر ماڵە کوردێک هێما و نیشانە و وێنەیەکی شاماران، تا دەیەیەک لەمەوبەر هەبو و هەیە، لە ناوچەی

"کرماشان"یش ساڵانە چێشتی نەزری بۆ ئەو بونەوەرە پیرۆزە سازدەکرێ و خەڵک پێیانوایە شای ماران فەرمانڕەوای مار و هەمو ئەو بوونەوەرە گەزەندانەیە، کە لە دونیادا هەن و ئەوان بۆ پاریزگاری لەخۆیان نەزری بۆ دەکەن و ئەو ئاشەش بە "داکوڵانەی شاماران" ناسراوە. لە کوردستانی باشوریشدا ئەم کلتورە لای هەندێك لە ژنانی سلێمانی لەکۆندا باوبووە. لەسەدەی پێشوشدا بەشێوەی وێنە لەسەر کەلوپەلی ناوماڵ و دۆڵابی نوێن زۆر بە جوانی وێنەی کێشراوە.

بەپێی تایبەتمەندیەکانی ئەفسانەی کوردی، ((هەر ئەفسانەیەك بە زمانی کوردی داڕێژرابێت جا چ بە زمانی کوردی کۆن، یان کوردی ئێستا و سەرجەم شێوازەکانی زمانی کوردی بێت، ئەفسانەیەکی کوردییە .هەر ئەفسانەیەك بەسەرهاتێکی میللەتی کورد بگێڕێتەوە، یان گۆشەیەك لە مێژوی کورد پیشان بدات، ئەفسانەیەکی کوردییە .هەر ئەفسانەیەك لە جوگرافیای کوردستان لە دایکبووبێت و باس لە دابونەریت و کولتووری کورد بکات، ئەفسانیەکی کوردییە .سەرجەم ئەو ئەفسانانەی لە قاڵبی ئایینی کورددا باس لە چۆنیەتی دروستبوونی زەوی و ئاسمان، مرۆڤ و ڕووەك و نیشتمانی کورد بکەن، ئەوە ئەفسانەیەکی کوردییە)) (حەسەن،٢٠٠٢: ٢٤-٢٥).

**٢-٣- ئەفسانەی شاماران:**

ئەم ئەفسانەیە لە سنورێکی فراوانی کوردستانی گەورەدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بە چەند شێواز و جۆری جیاواز دەگێڕدێتەوە، بەڵام کۆی ناوەرۆکی ئەفسانەکە هەمان شتە، یەکێك لە سیماجیاوازەکانی ناوەرۆکی ئەم ئەفسانەیە، بونی پاڵەوانێکی مێینەیە، ڕۆڵی سەرەکی لە خۆشەویستی دڵسۆزی و پاراستنی نهێنی... دەگێڕێت. لێرەدا ئاماژە بە کورتەیەکی ئەفسانەکە دەکەین:

(( ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕێک دەبێت کە ناوی تامەسپ دەبێت. ئەو کوڕە قۆز و باڵابەرز دەبێت و کوڕی خێزانێکی هەژار دەبێت و کاری داربڕینەوە دەکات. ڕۆژێکیان کاتێک بۆ داربڕینەوە دەڕواتە دارستان، لەوێ بیرێك دەدۆزێتەوە، کە هەنگوینی تێدایە، ئەچیتە خوارەوە بۆ هەنگوینەکە، بەڵام ناتوانێت بگەڕێتەوە، لەوێدا عاسی دەبێت، کاتێک کە تامەسپ لە هاتنە دەرەوە بێ هیوا دەبێت، کونێک لە دیواری بیرەکەدا دەدۆزێتەوە و بە چەقۆکەی کونەکە گەورە دەکات و لەو کونەوە دەچێتە ئەشکەوتێکی گەورەوە. لەوێدا بە نائومێدی دەمێنێتەوە هەتاوەکو خەوێ لێدەکەوێت. کاتێک کە بە ئاگا دێت، هەزاران مار لە دەوری خۆی دەبینێت. مارەکان چاوی تێدەبڕن و کاتێک دەبینن تامەسپ دەبزوێت، هەمویان دەکەونە جوڵە بەرەو ڕوی دەچن. تامەسپ ئەزانێت، کە ئەو هەمو مارە هەر دەیکوژن و ناتوانێت لێیان دەرباز ببێت، بۆیە چاوەکانی دادەخات و دەستدەکات بە پاڕانەوە لە خوا.

ماوەیەک چاوەڕوان دەکات، لە کۆتاییدا وره دەداتە خۆی و چاوی دەکاتەوە. دەبینێت ئافرەتێکی زۆر جوان، کە نیوەی مارە و نیوەی مرۆڤە، بەرامبەری ڕاوەستاوە. زۆر لەوە سەری دەسوڕمێت و هیچ قسەی بۆ ناکرێت. ئافرەتەکە بە تامەسپ دەڵێت "مەترسە، ئازارت نادەم، من شامارانم، شاژنی مارەکان؛ ئێستاکە تۆ میوانی منیت و کاتی ئەوە هاتووە تۆ بحەوێیتەوە؛ سبەی قسە دەکەین" و بەو جۆرە بەجێی دەهێڵێت. تامەسپ وا هەست دەکات کە خەو ببینێت، بۆیە چاوی دادەخات و دەنوێت. بەیانیەکەی، کە تامەسپ لەخەو هەڵدەستێت دەبینێت، شاماران دانیشتووە و لەبەردەمیدا نانی بەیانی ڕازێنراوەتەوە. ئەمجا شاماران بانگی دەکات بۆ سەر خوانەکە. تامەسپ زۆر لە دیمەنی شاماران سەری دەسوڕمێت و حەزی لێدەکات. بە درێژایی ماوەکە تامەسپ چاوی لەسەر شاماران ناجوڵێنێت. بەو جۆرە نانی بەیانی بەیەکەوە دەخۆن. شاماران زۆر زانا و شارەزای نهێنیەکانی دنیا دەبێت و بەسەرهاتی جیاوازی لادەبێت، بۆیە چیرۆکی دروستبونی مرۆڤ بۆ تامەسپ باسدەکات و دوای ئەوە، هەر جارە و بەسەرهاتێکی بۆ دەگێڕێتەوە. تامەسپیش هەمیشە حەز لە چیرۆکەکان دەکات و بە تامەزرۆییەوە گوێیان بۆ ڕادەدێرێت. ڕۆژان دێ و دەڕوا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر حەز لەیەکتری دەکەن. دوای ماوەیەکی زۆر، تامەسپ بیری کەسوکارەکەی دەکات و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ناو خەڵکەکەی. شاماران حەزناکات، ڕێی بدات بڕوات. بەڵام لە هەمانکاتدا، شاماران پێی ناخۆش دەبێت، کە ئەو بە دڵتەنگی ببینێت، بڕیار دەدات، کە ڕێ بە تامەسپ بدات بڕوات. شاماران دەڵێت "من ڕێت پێدەدەم کە بڕۆیت بەڵام دەبێت گفتم پێ بدەیت نهێنی ئەم شوێنەی من بە کەس نەڵێیت" ئەمجا ئامۆژگاری دەکات کە لەبەردەم خەڵکی تردا خۆی نەشوات، دەنا بە بەرکەوتنی ئاو، پێستەکەی وەک کاژی ماری لیدێت و خەڵک بە نهێنیەکەی دەزانن.

تامەسپ دەگەڕێتەوە بۆ ناو خەڵکەکەی خۆی و بۆ چەندین ساڵ ئەو نهێنییە لە خەڵک دەشارێتەوە. ڕۆژێک پاشای وڵات توشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبێت. وەزیر کە کەسێکی پیاوخراپە، دەڵێت تەنها چارەسەر خواردنی گۆشتی شامارانە. بۆیە وەزیر فەرماندەدات بە هەموان، کە بچنە ناو حەوزێ ئاوەوە بۆ ئەوەی بزانرێت کێ شوێنی شاماران دەزانێت. وەزیر لەم هەوڵەی مەبەستی لەوە نییە خزمەتی پاشا بکات، بەڵکو بەهۆی خواردنی شامارانەوە دەخوازێت هەمو نهێنی و زانینی جیهانی دەستبکەوێت.

سەرەتا تامەسپ نایەوێت بچێتە ناو حەوزەکەوە بۆ ئەوەی بتوانێت نهێنیەکەی شاماران بپارێزێت. بەڵام چارەی نامێنێت و سەربازەکان هەڵیدەدەنە ناو ئاوەکە و پێستی تامەسپ دەبێت بە کاژی مار و دەستبەجێ نهێنیەکەی ئاشکرا دەبێت. دوای ئەوە، سەربازەکان گورج دەستگیری دەکەن و دەیخەنە ژێر ئەشکەنجەوە بۆ ئەوەی شوێنی

شامارانیان بۆ ئاشكرا بكات. هەرچەندە تامەسپ دەیەوێت نهێنیەكانیان پێ نەڵێت، بەڵام لە كۆتاییدا ناچارەكرێت، كە شوێنەكە ئاشكرا بكات. ئینجا سەربازەكان دەچن بۆ ناو بیرەكە و شاماران لەوێ دەگرن. كاتێك تامەسپ شاماران دەبینێت، هەست بە شەرمەزاریەكی زۆر دەكات، بەڵام شاماران پێیدەڵێت: كە لۆمەی خۆی نەكات و هەڵەی ئەو نەبووە. شاماران پیلانێك دادەنێت بۆ ئەوەی نهێنی و زانیاییەكەی بدات بە تامەسپی خۆشەویستی. بۆیە شاماران لە كۆشكی پاشادا ڕایدەگەیەنێت "هەركەس كلكم بخوات ئەوا هەمو نهێنی و زانایيەك وەردەگرێت و ئەوەی كە لەشم بخوات چاكدەبێتەوە و ئەوەی سەرم بخوات دەستبەجێ دەمرێت"

ئینجا دوای ئەوەی وەزیر ئەوەی گوێ لیدەبێت، شاماران دەكاتە سێ بەشەوە و فەرمان دەدات، ئەو سێ بەشە بكوڵێنرێت. كە گۆشتەكە دەكوڵێت، وەزیرە پیاوخراپەكە لە كلكی دەخوات، تامەسپیش كە خۆی بە تاوانبار دەزانێت بەرامبەر بەشاماران و دەیەوێت بمرێت، لە سەرەكەی دەخوات و پاشاش بۆ چاكبوونەوە لە لەشەكەی دەخوات. پیلانەكەی شاماران كاردەكات و دەستبەجێ وەزیرە پیاوخراپەكە دەمرێت، پاشا چاكدەبێتەوە و تامەسپ هەمو زانایی و نهێنیەكانی شاماران وەردەگرێت و دەبێتە لوقمانی حەكیم؛ ئەو حەكیمەی كە گیا و درەختەكان گۆرانی بۆ دەڵێن و نهێنیە پزیشكییەكانی خۆیانی بۆ دەخەنەڕو. لە هەمان كاتدا دوای مردنی شاماران، ڕۆحەكەی دەگوێزرێتەوە بۆ كچەكەی. واتە شاماران بە نەمری دەمێنێتەوە)) .(سۆران حەمەڕەش).

### 2-4- كورتەیەك لە ژیانی ئاغالە:

ئاغالە ناوێكی دیاری بواری هونەری شێوەكارییە، ناوی تەواوی (ڕۆستەم ڕەسول ئاغالە)یە لە ساڵی ١٩٦٩ لە شاری كۆیە لەدایكبووە، خوێندنی سەرەتایی ناوەندی لە كۆیە تەواوكردووە، دەرچوی ساڵی ١٩٨٩ی پەیمانگەی هونەرە جوانەكانی سلێمانییە. دنیابینی ئاغالە بۆ هونەری شێوەكاری لە چوارچێوەی كلتوی نەتەوەی كوردی خۆی دەبینێتەوە،تابلۆكانی پڕن لە ڕەنگ و سكێچ و فیگەری ڕەچەڵكی كورد، بە دەیان پێشانگای هونەری لە دەرەوە و ناوەی هەرێم كردووەتەوە. هەمیشە تابلۆكانی جێگەی كەسانی بیانی بون. بە تایبەت سەردانی مۆزەخانەكەی دەكەن، یەكەم كەسە كەخاوەن گەلەری و مۆزەخانەی تایبەت بەخۆیەتی، كە لەسەر بنەمای هونەری ئەندازی نوێ بونیادنراون، لەكاری دیزاینكردنی مۆزەخانە دەستێكی باڵای هەیە. لەهونەر( فۆتۆگرافی) داهێنەرێكی بەتوانای ناساندنی فۆرم و كلتوری ڕەچەڵەكی كوردە. چەندان پروشەر(ئەلبوم)ی وێنە و نیكاركێشانی چاپكراوی هەیە، بە ناوەكانی ( نیگارەكانی شاماران – ئێمە كاكەیین – ئێزدی).

(نیگارەکانی شاماران) لە ساڵی ٢٠٢٠ چاپکراوە، وێنەی (١٣٧) تابلۆ لەخۆدەگرێت، هەمو تابلۆکان باس لە ئازار و نەهەماتییەکانی میللەتی کورد دەکەن، بۆ هەریەك لە تابلۆکانی ناونیشانێکی داناوە. فیگەری شاماران لە (٢٣) تابلۆدا کێشراوە، زۆربەی تابلۆکان ناونیشانی شامارانیان هەڵگرتووە، لەوانە: ( ماڵی شاماران، شاماران و مانگەشەو، شانشینی شاماران لەکوردستاندا، گریانی شاماران، شاماران، ئەفسانەی شاماران، چاوەڕوانی شاماران، شاماران و تریفەی مانگەشەو،شاماران لە ئێوارانـدا، کۆچی شاماران، مۆنا شاماران و چەندانی تر)

**٢-٥- بیروبۆچونی ئاغاله سەبارەت بە ئەفسانەی شاماران:**

ناوی شاماران خۆی سەرنجڕاکێشە و ناوێکی کوردی لێکدراوە و ناوەکە بۆ ناوی مێینە بەکاردێت و گرنگی و میوزیکێکی خۆشی هەیە. ئەم ناونیشانە پیشتر بۆ تابلۆ بابەتی هونەری بەکارنەهاتووە، کاری لەسەر نەکراوە و کەرستەیەکی خاوە بو فۆرمەکە، چەند هونەری و جوڵەی دینیامیکی تێدایە، هێندەش کوردیانە و توخمی ڕەسەن دەخەملێنێ لە ناو تابلۆدا. ژن لە ناو ئەفسانەی شاماراندا ژنی ماڵ و ژێردەستە و پشتاو نییە، پێشەوایە سەرکردایەتی هێزی خێر دەکا و دژی دەسەڵاتی زۆرداریە، بۆیە لە و سێ سەدەی ڕابردو ژن هێمای سەرکردایەتی بووە وەک هیمای یادگاری ئازادی بووە لە ئەمریکا، یا ژن سەرکردایەتی ئازادی دەکا لە تابلۆکەی (دێلاکرۆای) فەرنسی، کە هیمای شۆرشی پیشەسازی بووە بۆ فرنسیەکان. ژن لە کوردستان بەتایبەت لە تورکیا ئیران ڕۆژئاڤا دروشمی ئازادیە. فۆرمەکە وەك کاری دەستی میللی ئیشی لەسەر کراوە لە بازارەکانی ماردین یا ڕستن و چنین لەسەرقوماش و مافور لە ناوچەی هەولێر نەخشیندراوە لە کۆندا. بۆیە گرینگە گوزارشتکردن لەناو دنیای ئەفسانەکاری شاماران، چونکە بابەتیکی مردو بو، من یەکەم هونەرمەندم پازدە ساڵە کاری لەسەر دەکەم، کاریگەریەکەی گەڕاوەتەوە ناو تورکیا دەیانەوێت بە پیچەوانەی میللەتی کورد کاری لەسەر بکەن، کە مۆرکی کوردی پێوە نەهێڵن. دواجار لە تورکیا زەنجیرە درامایەکی بەو ناوە بەرهەمهێنراوە، کە دورە لە کلتوری کوردی. هەندێکجار بە دەربرینیک و سیان کۆتای نایەت یا تینوەتیت ناشکێ، بۆیە بابەتی شاماران بۆمن تائیستا هەر تازەیە و هەستەکەم زۆر شتی ترمایە دەربڕینی تێدا بکەم، بۆیە شاماران بۆتە هێمای کورد و مێژوی لە بیرکراو دزراوی کورد. شاماران، خوای مێینەیە بۆ نهێنی و زانین نهێنی بۆ خۆپاریزی و خۆ دروستکردنەوە بۆ خۆشەویستی و دارشتنی ماڵ لەناو شار، شار لە ناو دەوڵەتدا. شامارانی بابەتی ئازادی و سەرکردایەتی و زاڵبونە بەسەر نەزانین، بۆمن زانینە بۆ پلانی پیشوەخت و سەرکەوتن بە خۆ دزینەوە تاکتیک لەسەر دوژمن بەڵێ ئەفسانەی شاماران بۆمن دو شتە تاکتیکی ئازادیە ستراتیجیەتی ئایدۆلۆژیای ئازادیە. لە هەر تابلۆیک هیما و گوزارشتیکی جیاوازە بەڵام

پاڵەوان، هەر فیگەری شامارانە وەک ژیانی ڕۆژانەی هەموان ڕۆژێ  شاماران غەمگینە ڕۆژی دڵخۆشە و ڕۆژێ تیکشکاو و باڵ شکاوە ڕۆژێ دەفرێ و ماڵی خۆی بەجێدەهێڵێ. ڕەنگیکی دیاریکراوی نییە، کە ببێتە چوارچێوە و هێما بۆ شاماران سور شین سەو مۆر زەرد زۆری تر، شامارانم تەنها بەڕەنگی رەش نەکیشاوە، چونکە زیندووە، بە ڕەنگی ڕۆژهەلاتی و کوردیم کیشاوە هەندێکجار باری  ئیشکردنەکە وادەخوازێت چەند گوزارشتێکی بێ هێما و بی ئەندێشە بە ئەکادیمی کارەکە پر بکریتەوە. ڕەنگ تۆنە تۆنیش فۆرم دروستدەکات . بۆیە هەندێکجار شامارانم وەک پۆستەر دروستکردووە تۆنی تیدا نییە هەندێدێك تابلۆشم هەیە شاماران وەک مۆدێلی نیگار کیشاومە تۆنی هارمۆنی و ناسک و سێبەر و ڕۆشناییم بۆ فیگەری شاماران کردووە. ( ئاغالە، ٢٠٢٤).

## ٢- ٦- ڕەنگدانەوەی ئەفسانەی (شاماران) لە تابلۆکانی (ئاغالە)دا:

هونەری ئەبستراکت شێوازێکە بیرەکان بەرجەستەدەکات، هونەرمەند ڕەنگ و هێڵ و شێوە وەک بەردی  بناغە بۆ وەشانی  بونیادی قوڵی بیر نیشاندەدات، تێکەڵبونی ئاغالە لەگەڵ ئەفسانەکان ڕەنگدانەوەی پابەندبونی بە پاراستنی کلتوری نەتەوەیی. ((هەستە قووڵەکان لە شاکارە گەورەکان دەچن، هەمیشە پڕ ماناترن لەوەی کە دەیڵێن. نەزم و بەردەوامیی  هاندەرێك یان کاردانەوەیەك لە ڕوحدا دووبارە ڕووبەڕووی خووەکانی کردار یان بیرکردنەوە دەبنەوە، لە هەندێ ئەنجامدا بەرهەمدێنەوە، کە ڕوح خۆیشی لێیان بێ ئاگایە)( کامۆ، ٢٠١٥: ٣١). تابلۆکانی دەچنە ناو ئەو بابەتە جیهانییەی کە لە ئەفسانەدا بەدی دەکرێن پاڵەوانێتی، گۆڕان، تێکۆشان، لە هەمانکاتدا ڕەخنەی ورد لە کێشە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان دەگرن.

وێنەکێشانی ئاغالە لە ڕێگەی کارەکانیانەوە نەک تەنها ئەم چیرۆکە کۆنانە دەپارێزن بەڵکو ژیانێکی نوێیان پێ دەبەخشن و پەیوەندییان بە نەوەکانی داهاتو مسۆگەر دەکەن. ئەفسانە لە نیگارکێشاندا زیاتر لە ڕەنگدانەوەی ڕابردووە. پێمانوایە دیالۆگێکی زیندو و پەرەسەندوی نێوان هونەرمەند و بینەر و ئەو چیرۆکانەیە، کە پێناسەی کەلەپوری کلتوری دەکەن. بەکارهێنانی فیگەری ئەفسانە لای شێوەکار چەند گرنگیەکی هەیە، لەوانە:

١. ڕەنگدانەوەی ئەفسانەی شاماران تەنها فیگەرێك نییە لە ناو تابلۆکاندا، بەڵکو بووە بە شێوازێکی تایبەتی و مۆرکی کەسی پێوەدیارە.

٢. بەکارهێنانی ئەفسانە لای شێوەکار یارمەتیدەرە بۆ بروەدان بە بیر و شارستانیەتی پێشکەوتو، لە هەمو سەردەمە جیاوازەکاندا، بۆ گەڕاندنەوەی بەهای کلتوری مرۆڤایەتی.

٣. شێوەکار فیگەری ئەفسانەکان بەکاردەهێنێت وەك هۆکارێك بۆ ڕەخنەگرتن لە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی لەڕێگەی بەرجەستەکردنی لە هەڵوێستە نوێیەکاندا.

٤. بۆناساندنی ئەفسانەکان بە نەوەکانی داهاتو. یان بۆگەڕاندنەوەی ئەفسانە دزراوەکان بۆ ڕەچەڵەکی خۆی.

٥. ئەفسانە پشت بە چیرۆک و گێڕانەوە دەبەستێت و ئەمەش پێکهاتەیەکی ئاڵۆز بە هونەرمەندان دەدات، بۆ بنیاتنانی کارەکانیان. ئەم چیرۆکانە زنجیرەیەکی گێڕانەوە بۆ کارە هونەریەکان

٦. دەرەخسێنن کە بینەر ڕادەکێشێت و لە جیهانە خەیاڵییە پڕ لە هێما و واتاکاندا نوقمیان دەکات.

لێرەدا ئاماژە بە شیکردنەوەی فیگەری شاماران دەکەین لەناو چەند تابلۆیەکدا:

١- دوای باران بارین



لەم تابلۆیەدا فیگەری شاماران ئاماژەیە بۆ ئازادی، بۆ مرۆڤایيتی، چونکە شاماران خۆی لەژێر زەویدایە، بەڵام لێرەدا هاتۆتە سەر زەوی کۆترێك بەسەر کلکییەوە نیشتووەتەوە، گوزارشتە لە ئارامی بێ زیانی، لەسەرەتای وەرزی بەهار دایە، چونکە دار ئەرخەوان بەر لە دەرکەوتنی گژوگیا، ئەو گوڵ دەردەکات. ئەم شێوازی ئەم ئەفیگەرە لە چەندان تابلۆ بە هەمان شێوە دوبارە بۆتەوە، بەڵام پانتایی تابلۆکە گۆڕانکاری تێدا کراوە یان قەبارەکەییان جیاوازە، ئەمە درێژە پێدەری تابلۆیەکە بە ناوی (شاماران لە چاوەڕوانیدا). ئەفسانە خەونی

کۆمەڵگاکان و خواستی گۆڕینی جیهانەکەیان بەرجەستە دەکەن، بەتایبەتی لە نەریتە ستەمکارە بەسەرچووەکان و بەردەوام بون لە بەرزەفتکردنی ژیانی کەسی تاکەکان.

٢- گەڕانەوەی شاماران



لێرەدا ئاغالە پێماندەڵێت: کە شاماران بۆتە بابەتێکی زۆر سەردەمیانە و تێکەڵە بە شارستانیەتی هاوچەرخ و خەڵک، ئەو دەیەوێت کەسایەتیەکان بناسێت، سەرنجیان بە شێوازە هاوچەرخییەکە ڕابکێشێت، شاماران زیندووە، هەمیشە لە نوێبونەوەدایە، ئەو پێیوایە ئەگەر لەناوبچێت، کچەکەی شوێنی دەگرێتەوە، بۆیە لە پشت هەمو ئەو شامارانانەوە، جارێکی دیکە دەبینی کەسێك هەیە، کە کچیەتی. سەبارەت بە هاوسەرگیری و منداڵبون و کارکردن، زۆرێک لە مەیلەکان لەگەڵ نۆرمەکانی کۆمەڵگادا بەریەکدەکەون زۆر ئەفسانە دەربڕینێکی فانتازیایە، لە ئەنجامی هەڵوێستێکی ڕەخنەیی نائاگا بەرامبەر بە نادادپەروەری سەرچاوە دەگرێت. کارل یۆنگ بە یەکێک لە دیارترین دەروونناسەکان دادەنرێت، کە ئەفسانە لە ڕوانگەیەکی دەرونییەوە شیکردەوە، بەو پێیەی چەمکی "نائاگایی بەکۆمەڵ"ی ناساندووە، کە کۆمەڵێک وێنە و بیرۆکەی هێمای هاوبەش لەخۆدەگرێت کە لە ئەفسانەدا دەردەکەون و ئەزمونە دەرونییە باوەکان دەردەخەن.

٣- دوژمنانی شاماران



ئەم تابلۆیە چیرۆکێکی ڕاستەقینەی لەدواوەیە، باس لە ڕوداوی ئەو خوشك و برایە دەکات، کە پیشەیان مامۆستا بووە لە ساڵانی هەشتاکاندا لە نزیك دێگەڵە بون، لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ کۆیە لە ڕۆژێکی ساردا، هەردوکیان لەژێر ئەو چەترەدا چاوەڕێی ئۆتۆمبیلێك دەکەن، بەڵام جاشەکانی ڕژێمی بەعس نوکی چەترەکە دەکەنە نیشانە و گرەوی لەسەر دەکەن، بەڵام گولەکە بەر کوڕەکە دەکەوێت و لە باوەشی خوشکەکەی گیان لەدەستدەدات، ئەم چیرۆکێکی تراژیدیای ژیانە، ئەمە بۆ چوارەمین جارە ئەم تابلۆیە دوبارەدەکاتەوە، بەڵام کۆتا گۆڕانکاری زیادکردنی فیگەری شامارانە لەسەر چەترەکە، ئەمە گرێدانی غەم و ئازاری واقیعە بە ئازاری شاماران لە ئیفسانەکەدا، بونی ئەم کۆترە ئاماژەیە بۆ ئاشتی، بەڵام شاماران دەڵێت: ئێرە شوێنی ئاشتی نییە، چونکە نوکی چەترەکە خۆی لە خویدا مەترسییە بۆ گیانی کەسەکانی ژێری. لێرەدا هۆکاری ئەوە دەخاتەڕو، کە ئەوەی ئەم توانایە بە ئەفسانەکان دەبەخشێت ئەوەیە کە شێوازێکە لە بیرکردنەوە لەسەر بنەمای هێماکان، بە چیرۆک دەگێڕێتەوە سەبارەت بە هەمو کردارە گرنگەکانی مرۆڤ و بۆیە مێژویەکی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە (Luyster, 1966: 235).

٤- سەمای شاماران



لێرەدا شاماران فیگەرێکی هاوچەرخە، کە تیایدا تێکەڵ بە ژیان و تێکەڵ بەدارەکە بوە، گیانی شاماران جارێکی تر هاتۆتەوە لای ژنەکە، کاتێک سەیری ئەم فیگەرە دەکەیت زیاتر شێوەی نمایشی لەخۆگرتووە و ژنێکی سەردەمیانەی ئاساییە لەناو ژیانی ئێستادا دەژی بەڵام ژنێکی ئازادە.

٥- پیاوێك لە پشت شامارانەوە



وا دیارە ئەم تابلۆیە تێکەڵەیەک لە دەموچاوی مرۆڤ و توخمە سیمبولییەکان نیشاندەدات، پێشنیاری بابەتی دووانەیی و یەکبون یان کارلێککردنی سۆزداری نێوان فیگەرەکان دەکات. فیگەری پیاوەکە گوزارشتە لە خودی شێوەکارەکە و فیگەری شامارانیش ئەوەیە کە لە خەیالیدا بە غەمگینی دەردەکەوێت، دوبارە خەیاڵ ە واقیعی

تێکەڵکردووە. بەکارهێنانی ڕەنگی زیندو، تایبەتمەندی تێکەڵاو و وێنە سوریالیەکان (وەک شاخ و باڵندەکان) واتای چینەکانی واتا دەگەیەنێت. ئەمە لێکدانەوەیەکی گونجاوە بۆ دووانەیی دەموچاوەکان هێمای پەیوەندیەکی سۆزداریی ڕۆحی یان دەرونین. دەربڕینەکانیان ئاماژە بە دەرونشیکاری دەکەن باڵندەکان لەسەر شاخەکان ڕەنگاوڕەنگ و هەمەجۆرن، ئاماژە بە هارمۆنی و پێکەوەژیان یان فڕینی خەونەکان دەکەن .شاخەکان وەک هێمایەکە لە سەرەوە درێژ دەبنەوە، بە باڵندە ڕازاوەتەوە، لەوانەیە هێمای هێز، گەشەکردن، یان پەیوەندی بە سروشتەوە بێت. نوێنەرایەتی خەیاڵ یان داهێنان دەکەن

٦- ماڵی شاماران



ئەم کارە هونەرییە قوماشی چنراوی دەوڵەمەند بە هێمای کلتوری و نەخش و ڕەنگی سوری چالاک بەرهەمهاتووە بۆ دروستکردنی ئەزمونێکی دینامیکی و بیرکردنەوە. توخمەکان و لێکدانەوەکانی گونجاون بەڕەیەکی کوردی تێکەڵ بە نەخشی دزەیی و هەرکی کراوە. چوارچێوەی ڕوخساری شاماران لە ناوەڕاستدا ئاماژە بە ناسنامەیەکی شاراوە یان دەرکەوتو دەکات، کە هێمای دۆزینەوەی خودی، کەلەپوری کلتوری، یان دەرونشیکارییە، کە ورد دەبییەوە لە تابلۆکە وێنەی پیاوێك لەپشت شاماران بە خەوتویی لەژێر باڵیدا دەتوێتەوە دەبینرێت. زاڵبونی ڕەنگی سور باکگراوندی سوری زاڵە، ئەمەش چڕی، سۆز، ژیان، یان تەنانەت هەستی بەپەلە دەگەیەنێت. پارچەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە ڕوی سۆزداری و بینایییەوە .نمونەی ستونی و ئاسۆیی ڕێکخستنی هێماکان وەک تۆڕ هەستێک دروست دەکات. ئەم هێمایانە بانگهێشتی بینەران دەکات بۆ هەڵکۆڵین لە لێکدانەوەی خۆیان، بە ڕێنماییکردنی وزەی زیندو و وردەکارییە ئاڵۆزەکانی.

٧- ئەفسانەی شاماران



ئەم تابلۆیە دەوڵەمەندە بە هێماسازیەکی زۆر. ئەمە یەکەم کاری ئاغالەیە، کە لەسەر شاماران کردوویەتی یەکێکە لەکارە هارمۆنییە سەرکەوتووەکان قەبارەکەی یەك مەتر بە دو مەترە. پێکهاتەی ئیشەکە لەچەند توخمێك پێکدێت لە خانوێکی کۆنی لادێ لە ناو دەرگاکەی فیگەری شاماران هەیە، دەموچاوی لە وێنەیەکی کچێك دەچێت، کە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسێك گیراوە، کە کچەکە یەزیدییە و بە هەمانشێوە تاوسێکی لەسەر سەرییە، ئاغالە بەشێوەی تاوسێکی ڕاستەقینە وێنەکەی کێشاوەتەوە، کە گوزارشتە لە هێمایەکی ئاینی، یان تاوس هێمای جوانی، شانازی یان نەمریە، ئاماژە بە ئامادەبونێکی پیرۆز یان بەرز دەکات .فیگەری ژنی تاجدار، کە هەستی خواوەندی و مێینەیی یان هێز دەوروژێنێت. هەڵسوکەوتە هێمنەکەی لە نێو مارەکەدا ئاماژەیە بۆ هارمۆنی یان زاڵبون بەسەر ئاژاوەدا.

درەختەکان، گەڵا و ئاوازی خاك دیمەنی ژیانی شاماران لە گەڵ کچەکەی بە زیندوی نیشاندەدات، پاڵی بەدارەکەوە داوەتەوە جارێکی تر لەگەڵ خۆی دەدوێ و باسی تەنهای خۆی دەکا لێرە لە ژنێکی زۆرجوان دەچێت، کە مێژووە، ڕابردووە. لەگەڵ توخمی نادیار و فۆلکلۆری، شێوەی مارەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، نوێنەرایەتی گۆڕان، دانایی، یان سروشتی بازنەیی ژیان و مردن دەکەن. تەرازووی ڕازاوەیان ئاماژە بە پەیوەندییان بە ئەفسانە یان ڕۆحانەوە دەکات.

٨- سەرنج



زیاتر لێرە کارێکی دیکۆڕیشنە وەکو مۆرکێک هێشتومەتەوە لەسەر ئەم دەفەیە شامارانم کردووە بە لۆگۆ، لەجیاتی لۆگۆی کچێک یان لۆگۆی گوڵێک یان گۆرانیبیژێك. شامارانم کردووەتەوە لۆگۆ، واتە لێرەدا شێوەکار دەتوانێت سود لە فیگەری ئەفسانەکان وەربگرێت بۆ ناسنامەی شتێك یان بابەتێك یان کەلوپەلێك.

٩- شاماران و بوخچە



ئەم تابلۆیە دەوڵەمەندە بە هێماسازی و توخمەکانی چنین و بیرۆکەی کلتوری و سروشتی و ڕۆحی تێکەڵدەکات. ئافرەتێک بە دەربڕینێکی هێمن زاڵدەبێت بەسەر پانتایی

تـابلۆكەدا. ئەو بە پەردەیەكـی تـەنك داپۆشـراوە بە نەخشـی ئەسـتێرەیی، لە ئاسـمانی شـەو دەچێت. ئەم پەردە لەوانەیە هێمای پاكی، نهێنی، یان پەیوەندی بە گەردونەوە بێت .تێڕوانینی ڕاستەوخۆی هێمنی و دەرون شیكاری دەردەخات، ئاسمان پڕە لە ئەستێرە و مانگێكی دیار، كەش و هەوایەكـی ئاسـمانی دەوروژێنێـت. تێكەڵكردنـی توخمەكـانی شـەو و ڕۆژ دەتـوانێ ئامـاژە بە دووانەیـی بكـات، وەك ڕوونـاكی و تـاریكی یـان جیهـانی زەوی و ڕۆحـی. بەشـی خوارەوە لە ژێـر كچەكە، باكگراونـدێكی ئـاڵتونی هەیە، كە پێدەوترێت چیـغ، پانتـایی تابلۆكـە، وێـنەی هێمـای زیـاتری تێـدایە، وەك فیگـەری شـاماران خراوەتـە سـەر چیغەكـە بـەڕەنگ و شـێوازێكی جـوان دەردەكـەوێت، بـەڵام خـەیاڵاوی دەڕوانێـت ناڕاسـتەوخۆ بـۆ پێشـبینیكردنی سـەفەرێك، بـۆ جێهێشـتنی ئـەو شـوێنە، هـەڵبژاردنی ئـەم جـۆرە فۆرمانـە لای هونەرمەنـد گوزارشـتی تایبـەتی هەیـە، وەك بوخچـە و كۆترەكـە، كـە گوزارشـتە لـە كۆچكردن و ناسەقامگیریی و كۆچكردنی ئارامی، شاماران هارمۆنی بووە لەگەڵیاندا، ئەمەش پەیوەندی بە ئەفسانەزانی یان دابونەریتی كلتورییەوە هەیە.

ئەم توخمـانە جەخـت لەسـەر گرنگـی ناسـنامە و مێـژو و گێـڕانەوەی چیـرۆك لە كارە هونەرییەكاندا دەكەن. تێكەڵبونی گوڵێكی مۆری دڕكاوی ( چاوبازە) لەم ناوەندە هونەریەدا ئاماژەیە بۆ شاردنەوەی جوانی لە ناو دڕكدا یان وشكبونەوە و جێهێشتنی یادەوەری دێت، ئامـاژە بـە ڕەگەكـانی كلتـوری و میراتـی بەردەوامـی فۆلكلـۆر دەكەن .مێینەیـی ژن، سەرپۆش، و كۆتر، تیشك دەخەنە سەر بابەتەكانی پاكی، مێینەیی و ئاشتی، پێشبینیكردن بۆ داهاتو. وادیارە ئەم كارە هونەرییە توخمەكانی دابونەریت، میتۆلۆژی، و ڕۆحانی لەگەڵ گێڕانەوەیەكی كەسی و كلتوری قووڵ بەیەكەوە دەچنێت.

١٠- شانشینی (شاماران) لە كوردستانە



ئەم تابلۆیە وا دەردەکەوێت، کە هێما و توخمە نەتەوەییەکان و هونەری سوریالی تێکەڵدەکرێت، درەخت وەک توخمێکی ناوەندی دارەکە زاڵ دەبێت بەسەر کۆی تابلۆکە، لە نزیکەوە نمایشدەکات  بە ژمارەیەکی زۆر چاوەزار ڕازێنراوەتەوە، هێمایەکی بەرفراوان بۆ پاراستن لە وزە نەرێنییەکان و زیانەکان بەکاردەهێنرێت. درەختەکە دەتوانێ نوێنەرایەتی ژیان، دانایی، یان پەیوەندی نێوان جیهانی زەوی و ڕۆحی بکات .فیگەرەکانی شاماران لە ناو لق و پۆپی دارەکەدارەکە  لەبەرزیدا دەردەکەوێت، بەڕوانینێکی قووڵەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوێت باس لە ئازارەکان دەکات. لەپاڵ قەدی دارەکەشەوە ژنێک لە نزیک بنکەکەی وەستاوە، کە شامارانە هێزی خۆی نیشاندەدات بە هۆی شاخەکانی و ئەو بێڵەی لەسەرشانییەتی، کە گوزارشتە لە کارکردن و هەوڵدان. مار هێمای گۆڕان یان پاراستنە، بەگوێرەی چوارچێوەی کلتوری، گوێدرێژێکی زینکراو لە لای ڕاستەوە دەردەکەوێت، کە ئاماژە بە ئارامگرتن لە ژێر قورساییەکانی ژیان.

بە پێی شیکاری دەرونی تۆنی ڕەنگەکان  گیانی مرۆڤەکان دەوروژێنن، ڕەنگی پەمەیی و مۆر و سپی جیاوازی دەبەخشن و سەرنج ڕادەکێشن بۆ توخمە هێماییەکانی وەك، مار و چاوەزار، کە لە لقی دارەکانەوە هەڵواسراون وەک بیرۆکەی سەرەکی کار دەکان، بابەتی پاراستن و گیان بەهێز دەکات. شێوازە دووبارەبووەکەیان تایبەتمەندییەکی ئەفسوناوی و جیهانی تر بە دیمەنەکە دەبەخشن بابەت و میتۆلۆژیا و فۆلکلۆر تێکەڵ بە دار، مار، و شێوە شاخدارەکان بون، کە ئاماژە بە ئەفسانەکان دەکات سەبارەت بە دروستکردن، دانایی، یان پاراستن. ئەم بیرۆکە زۆرجار لە چیرۆکەکانی درەختی پیرۆز و بونەوەری ئەفسانەیی دەردەکەون. هێزی مێینە و دوانێتی ژنانی ناو تابلۆکە نوێنەرایەتی لایەنە جۆراوجۆرەکانی مێینەیی دەکەن، لەوانە پەروەردەکردن، هێز و پەیوەندی بە سروشت و گیانی مرۆڤ. قووڵایی بۆ لێکدانەوەی هێزی مێینە زیاد دەکات .پەیوەندی بە سروشت و سووڕی ژیان :درەخت، ئاژەڵ، و فیگەرەکان هەموویان چیرۆکێک دەچنن دەربارەی پێکەوەبەستنی ژیان، کلتور و جیهانی نادیار .شێوازی هونەری تابلۆکە سوریالیزم و سیمبولیزم تێکەڵ دەکات و جۆریەتی  وەک خەون دروست دەکات، کە هانی لێکدانەوەی دەرونی کەسی دەدات .وردەکارییە ئاڵۆزەکانی فیگەرەکان، درەختەکان و ئاماژە بە جەختکردنێکی مەبەستدار لەسەر گێڕانەوەی ئەفسانەکە و کلتوری دەکەن.

١١- (دڕكى ئازادى)



لەم تابلۆيەدا كەسێك نيشان دەدرێت بە جاجمێكى نەخشێنراو داپۆشراوە. ئەمە بابەتى دابڕان يان لاوازى دەگەيەنێت. باسى شكست دەكات، كاتێك ئەو مرۆڤانەى قوربانى دەدەن، دواتر ئەوەى كە دەيدرونەوە و دەيبينن ئەوە نييە، تەنها وەكو ئاگرێك وايە، خۆڵەمێشەكەى بۆ ئەوان دەمێنێتەوە، باخێكە پڕى لە گوڵە، گوڵەكان هەمو لێدەكرێنەوە و تەنها دڕكەكەى بۆ ئەوان دەمێنێتەوە، شاماران لێرەدا هاوسەرى هەيە، دەيبينێت ، كە شاماران بۆتە هێماى سەر خانوێكى ڕوخاو، كە بە چاوێكى كراوە و تورەيى دەڕوانێت، وهاوسەرەكەى لە خەمى كورد دايە و وەكو خەوى كورد بەدەردەكەوێت، شاماران لێرەدا فيگەرێكى ڕابردوە بەڵام ئێستا دەبينێت و دەزانێت چۆن مرۆڤەكان و ئەو كەسەى كە سوارچاكە و ئێستا بۆتە قوربانى و ئەوەى كە شۆڕش دەكات و دواتر كە سەركوتو دەبێت و دەبێتە جەلاد بەڵام كە ئەوەى بۆتە قوربانى و مردوە كەس نايبينێت ونەوەكانيشى بە هەژارى دەمرن، بە گشتى باس لە ئەنفال و ژنى شەهيد و بيركردنەوە لە ڕابردو دەكات، كە هەست بە پەشيمانى دەكەن نەخشى خولاوەى ئاسمان لە شەوى ئەستێرەيى ڤان كوخ دەچێت، كە ڕەهەندێكى گەردونى و جيهانى تر زيياددەكات. ئەمە هێمايە هيوا، تێپەڕبون، يان بێسنور.

### ١٢- تورەیی



لە زۆربەی تابلۆکاندا شاماران دو قۆچی هەیە، لێرەدا قۆچەکە شێوەی لە قۆچی نێرینە دەچێت، بەڵام لە تابلۆکانی تردا قۆچەکان چەماونەتەوە، هەرچەندە مەرج نییە کاتێک قۆچەکە چەمابێتەوە قۆچی مێینە بێت، چونکە لە زۆربەی ئاژەڵانی وەک مەڕ و بزن و ئەوانەی شاخدارن دەگۆڕێت هەیە مێینەیە و قۆچیشی هەیە بەڵام بە گشتی نێرەکان قۆچیان گەورەترە، لە فیگەری شاماراندا قۆچ واتای دەسەڵات و هێزە، لێرەدا شاماران تورەیە لە دەوروبەری خۆی، چونکە دواتر خیانەتی لێدەکرێت لە لایەن دەستگیرانەکەیەوە، بۆیە زۆرجار ئەو حاڵەتانەی کوردستان لەو ماوەیەدا پێیدا تێپەڕین بە تایبەتی ساڵی ٢٠٢٠، بەهۆی زۆری حاڵەتەکانی کوشتنی ژن و شەڕ و ئاژاوە و شەهیدبون و هەندێکجاریش دەستکەوتەکە بۆ پیاو دەژمێردرێت، یەکێک لە ڕەوشتەکانی ژن، کاتێک پیاو سەردەکەوێت زۆرجار پێی سەرسام دەبێت، بەڵام ئەو کاتانەی مێینە سەردەکەوێ کەمترین دەستخۆشی لەلایەن ڕەگەزی مێینەوە لێدەکرێت و لەناو ئەفسانەکەشدا تورەییەکی هەیە لەگەڵ دەوروبەری خۆی، کاتێک ژنێکی شۆڕشگێڕ دەبینین وا دەردەکەوێت، کە دەوروبەرەکەیەوە گاڵتەی پێ دەکات و پێیاندەگوترێت بێکەسوکارن، بۆیە شاماران لەو تابلۆیەدا تورەییەکی تر دەنوێنێت لە دەروبەرەکەی.

**ئەنجام**

دەستکەوتەکانی ئەم توێژینەوە چەند ئەنجامێك لەخۆدەگرێت، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١. ئەفسانەی شاماران لە هەرچوار پارچەی کوردستان، ڕەنگدانەوەی کلتوری کەلەپوری لەخۆدەگرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لەدایکبونی ئەم ئەفسانەیە لە ڕەچەڵەکی کوردی، مێژو شایتحاڵە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە.

٢. ئەدەب و هونەری شێوەکاری پەیوەندیەکی تێکچرژاو و قووڵ کۆیاندەکاتەوە، چونکە هەردوکیان ئامانجیان گەیاندنی پەیامی کلتوری و مێژویی و مرۆڤایەتییە.

٣. ئاغالە سەرچاوەی زیندوکردنەوەی ئەفسانەی شامارانە و ناسنامەی کوردی دەخاتە سەر ئەو شاکارە گرنگە، چونکە هونەرمەند دەتوانێت، سیستەم و نەریتی کلتوری پەیوەست بە شاماران بە وردی بنیات بنرێتەوە بۆ توخمە بنچینەییەکانی.

٤. ئاغالە ئەفسانەی شامارانی وەك فەلسەفەیەکی هزری نەتەوەیی بۆ ڕوداوە واقیعیەکانی سەردەم لە تابلۆکانی بەکارهێناوە، بۆیە ناوی شامارانی کردووە بە ناونیشانی بەشێکی زۆری تابلۆکان، بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان، وەك( شاماران، شاماران و تریفەی مانگەشەو، چاوەڕوانی شاماران، شانشینی شاماران لە کوردستان، ماڵی شاماران...هتد)

٥. هونەرمەند ئاغالە فیگەری شامارانی کردووە بە هێمای ژن و ئازادی و بەرخودان، دەتوانرێت کارە هونەرییەکان لە ڕێگەی هێماکانەوە تێبگەین بە شیکردنەوەی تایبەتمەندییە ناوازەکانی تابلۆکان، کە ئەمە بەشێکە لە ئایدیۆلۆژیای مێژوی نەتەوەیەك.

٦. دوبارە کردنەوەی فیگەری شاماران، دوبارەکردنەوەی مەبەست نییە، بەڵکو هونەرمەند لە هەر تابلۆیەکدا، ڕەهەندێك نیشاندەدات، کە پراوپڕە لە جوانی، وەك ( زانایی، دانایی، خۆشەویستی، دڵسۆزی، زیندویی، بەهەمداری، خەباتکردن و گیانبەخشین، ئازایەتی و نەبەردی، غەمگینی...هتد).

٧. بە هۆی گۆڕانکاری لە سکێچی فیگەری شاماراندا جوڵەی داینامیکی بە تابلۆکان دەبەخشن، تابلۆکان وەك شانۆیەك خۆیان نیشاندەدەن، کە شاماران نمایشی گێرانەوەکانی تێدا دەکات.

٨. هونەرمەند هیچ ڕەنگ و تۆنێکی دیاریکراوی بۆ فیگەری شاماران جێگیرنەکردووە، بۆیە لە هەر تابلۆیەکدا شاماران بە ڕەنگێکی جیاواز دەردەکەوێت بۆ مەبەستێکی جیاواز.

## سەرچاوەکان


- ئاغالە، ڕۆستەم ڕەسول، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن، لە ڕێککەوتی ١٥/١٠/ ٢٠٢٤ لە کۆیە.
- باقر، طه، ٢٠٠٠، ملحمة كلكامش.
- https://www.4readbook.com/book/1077/%d9%85%d9%84%d8%ad%d9%85%d8%a9 - %d9%83%d9%84%d9%83%d8%a7%d9%85%d8%b4
- جوتیار، خالد، ١٩٨٤، بەرەو فۆلکلۆر، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.
- حەسەن، مەولوود ئیبراهیم، ٢٠٢٠، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، بڵاوکار: ماڵی سوهرەوەردی، چاپخانەی تاران.
- حەسەن، مولود ئیبراهیم، ٢٠٠٢، گەڕان بەدوای نەمریدا، چاپخانەی تاران، تاران.
- حەمەغەریب، سازان جوهەر، ٢٠١٩، ئەفسانەی کوردی لە ژێر ڕۆشنایی زانستی دەروونناسییدا، تێزی دکتۆرا، کۆلیژی زمان زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- شارەزا، کەریم، ٢٠٠٥، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- عەبدولقادر، کەیفی ئەحمەد، ٢٠٢٠، بەراوردێك لە نێوان دەنگی زەکی هەناری و ئەژدەهاك لە شانامەی فردەوسیدا، کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زمان و ئەدەبی کوردی ( زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی – پەیوەندی و کاریگەریەکان، زانکۆی سەڵاحەددین.
- قسم الدراسات والبحو جمعية التجديد الثقافية الاجتماعية، ٢٠٠٩، الأسطورة . . توثيق حضاري، الطبعة الاولى، دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق ،سورية.
- قيس النوري، ١٩٨١، الاساطير وعلم الاجناس، مؤسسة دار الكتب للطباعه والنشر، جامعة الموصل، الموصل.
- کامۆ، ئەلبێر، ٢٠١٥، ئەفسانەی سیزیف، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، بڵاوکار: ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانەی تاران، تاران.
- ئەنوەر، کەیوان ئازاد، ٢٠٠٩، تیۆرەکانی ڕاڤەی دەق، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە (٤٠٣)، سلێمانی.
- Benjamin, E., & Corser, S. (2015). Introduction: Literature and Art: Conversations and Collaborations. *MHRA Working Papers in the Humanities*. https://doi.org/10.59860/wph.a1673ed.
- Colard, J. (2020). For a Visual Literature. , 9 - 20. https://doi.org/10.4000/critiquedart.61962.

- Collier, P., & Lethbridge, R. (1996). Artistic Relations Literature and the Visual Arts in Nineteenth-Century France. *Modern Language Review*, 91, 729. https://doi.org/10.2307/3734134.
- Garabet K. Moumdjian https://www.academia.edu/34743418/THE_KURDS_History_and_Culture_by_Jemal_Nebez
- Horkheimer, M. (1987) 'Vico and Mythology'. *New Vico Studies,* 5. p.p 63-76.
- https://www.researchgate.net/publication/26428153_Artist_and_Myth
- Levy-Bruhl, L. (2018). Primitive Mentality. Forgotten Books.
- Luyster, R. (1966) 'The Study of Myth: Two Approaches' *Journal of Bible and Religion*, 34, (3). pp. 235-243. http://www.jstor.org/stable/1460663 (Accessed
- Naderî، Şetav20021 ، thumbs_b_c_5eaa12c98b51810c3bd7418057eeee57
- Naumovska, Olesia V.; Rudakova, Nataliia I.; Naumovska, Nataliia I.,2024, Analysis of the Typology of Mythologems and Features of Modern. *SOUTHERN* SEMIOTIC REVIEW, DOI 10.33234/SSR.19.7(19), pp. 82-99.
- Sarapik, Virve. (2000). Artist and Myth. Folklore (Tartu). 15. 10.7592/FEJF2000.15.myth
- Shynkaruk, Vasyl & Galyna, Salata & Danilova, Tatiana. (2018). MYTH AS A PHENOMENON OF CULTURE. National Academy of Managerial Staff of Culture and Arts Herald. 10.32461/2226-3209.4.2018.15293.
- Urban, A. (2023). Daten, Atmosphären, Texte – Künstlerische Erfahrungsräume und Virtualisierungen des Literarischen. *Journal of Literary Theory*, 17, 111 - 142. https://doi.org/10.1515/jlt-2023-2006.
- Vasileva, E. (2021). Poetic World in Dante Alighieri's DivineComedy. *Language and Text*, 8, 35-40. https://doi.org/10.17759/LANGT.2021080104.

# الانعكاس لأسطورة الشاماران في صور أغالا


## الملخص

إن الطريقة التي يتم بها تصوير الأساطير في الفن المعاصر تعكس قيم ومعتقدات الفنانين الذين رسموها. خلال عصر النهضة، تم عرض اللوحات الأسطورية من قبل أصحاب العمل الأثرياء المهتمين بالإنسانية وإحياء العلوم الكلاسيكية. لقد تطور تصوير الأسطورة مع تغير السياقات التاريخية. إن ما قد يُنظر إليه على أنه إشارة دينية أو أخلاقية في وقت ما قد يُفسر على أنه بيان نفسي أو أساسي في وقت آخر. إن هذا النهج الرمزي يعزز العمق الروحي والفلسفي للأعمال الفنية، فالأساطير في الفن تعمل كجسر بين الإنسان والله، بين الوعي واللاوعي، بين الماضي والحاضر. في العصر الحديث، استخدم الفنانون الأسطورة لإعادة تفسير القضايا الاجتماعية والنفسية، وخلطوا بين الواقع والخيال لنقل مشاعر معقدة ووجهات نظر عميقة للإنسان والعالم.

ويمكن أن ينعكس ذلك في أسطورة شامران وهي أسطورة كردية تحكي قصة فتاة كردية جميلة تعرضت لجرائم كثيرة من قبل سلطات ذلك الزمان فتركت بلدتها وأصبح ملك الأفاعي، نصف إنسان ونصف على شكل ثعبان كل لوحة من لوحات شاماران تعبر عن آلاف الكلمات، فبالإضافة إلى أخذ موضوع اللوحة، فإن هذا الفنان هو في قلب القصة، فهو يقدم التفسير النفسي للخطوط والألوان من أجل كن روحًا جديدة، انفتح على هذه الأسطورة واحتفظ بها حية. وبقدر ما يجد معاناة المرأة الحالية في هذه الأسطورة، فإنه يربطها بالماضي. ما هي العلاقة بين الأسطورة وفن الرسم؟ ما هو دور الآغالة في إحياء الثقافة الكردية؟ هل تنقل شخصيات شامران نفس المعنى في جميع اللوحات؟ وفقاً لمبدأ البحث الذي يتكون من قسمين، خصص القسم الأول للجانب النظري للموضوع، وفي القسم الثاني وفقاً للمنهج الوصفي التحليلي التحليل الكامل لأسطورة شامران في اللوحات نارو الذي سيجيب على الأسئلة أعلاه



**الكلمات الدالة:** *الأسطورة، التأمل الثقافي، الفن، التاريخ، لوحات الأغالة.*

## A Reflection of the Shamaran's Myth in Aghala's Imageries

**Abstract**

How myths are depicted in contemporary art reflects the values and beliefs of the artists who painted them. During the Renaissance, wealthy employers who were interested in humanity and the revival of classical science exhibited mythical paintings. The depiction of myth has evolved with changing historical contexts. What might have been seen as a religious or moral reference at one time could be interpreted as a psychological or fundamental statement at another. This symbolic approach enhances the spiritual and philosophical depth of the works of art. Myths in art bridge man and God, conscious and unconscious, past and present. In the modern era, artists have used myth to reinterpret social and psychological issues, mixing reality and fantasy to convey complex feelings and deep views of man and the world.

It can be reflected in the legend of Shamaran, which is a Kurdish legend, which tells the story of a beautiful Kurdish girl who was subjected to many crimes by the authorities of that time, so Zedi He left himself and became the king of snakes, half human and half snake-shaped, each of the paintings of the famous artist Rostam Rasul Aghala It expresses thousands of words. In addition to taking the motif of the picture, the artist has delved into the heart of the story, presenting the psychological interpretation of the lines and colors, to To give this legend a new life and keep it alive. To the extent that he finds women's present suffering in this myth, he connects it back to the past. What is the relationship between myth and the art of painting? What is the role of Aghala in reviving Kurdish culture? Do the figures of Shamaran convey the same meaning in all the paintings? According to the principle of the research, which consists of two parts, the first part is devoted to the theoretical aspect of the subject, in the second part according to the method of analytical description, the full analysis of the figure of the legend of Shamaran in the paintings which will answer the above questions

**Keywords:** *Myth, Cultural Reflection, Art, History, Aghala Paintings.*